# هەنگاوێک بۆ پێشەوە دووان بۆ دواوە



**فەرید ئەسەسەرد**
**دوو هەفتە جارێك دەینووسێ**

رازیبوونی پەرلەمانی ئەنکەرە بەدرێژکردنەوەی ماوەی هێرش کردنە سەر ناوچەکانی ناو سنووری هەرێمی کوردستان مایەی سەرسوڕمان بوو. تائێستا لەهەرێم وا سەیری حکومەتی دادو پەرەپێدان کراوە کەئاشتیخوازترین حکومەتەکانی تورکیایەو لێبراوانە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدا. بەڵام بڕیاری ئەم دواییەی پەرلەمانی تورکیا کە بەدڵنیاییەوە بڕیارێکە گێچەڵی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، دەشێ وا لەشەقامی کوردی بکا بەم بۆچونەیدا بچێتەوە.

بڕیارەکە دەریدەخا کەئەنکەرە هێشتا سورە لەسەر ئەوەی کەمەسەلەی کوردو مەسەلەی پەکەکە دوو مەسەلەی لێك جیان و لەم سۆنگەیەوە وا دەڕوانێتە مەسەلەکە کەپێویستی بەدوو چارەسەرە، یەکێکیان سیاسییانەیەو ئەوی تر سوپایی. لەم سەروبەندەشدا ئەنکەرە وای دەردەخا کەسورە لەسەر دەستپێشخەریی کرانەوەی دیموکراتییانەی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد. ئەگەرچی لەسەرەتادا دەستپێشخەرییەکە شتێکی وای لێ هەڵکرێندرا کەئەنکەرە لانی کەم بەقەد جاران هەردو مەسەلە لێك جیا ناکاتەوە، بەتایبەتی کاتێك پەراوێزێکی بچوك بۆ ئەگەری دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی هێڵدرایەوە، بەڵام ئەوەی کەپەرلەمان پەسندی کردووە، لێی رادەبینرێ تەواوی دەستپێشخەرییەکە لەڕەگەوە هەڵتەکێنێ.

هاوکات لەگەڵ بڕیارەکەی پەرلەمان، بەشیر ئاتالای کەئەنکەرە ئەرکی هەڵسوڕاوی گشتیی دەستپێشخەرییەکەی پێ سپاردووە، لەکۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەکانی رادیکال و حورییەت و میللییەت ئومێدێکی زۆری بەفیڕۆ داو دەری خست کەگۆڕینی دەستورو لابردنی ماددەی ٦٦ ئومێدی لەسەر هەڵناچنرێ و بەیەك وشە ناوی کوردی نەهێنا. تاکە گوزارشتی پۆزەتیڤ لەنێو قسەکانیدا دەربڕینی رادەی بایەخدانی ئەنکەرە بوو بەکەناڵی تەرتە ٦ کە بەکوردی پەخش دەکا.

کوردی تورکیا هەر لەسەرەتاوە بەگومانەوە سەیری دەستپێشخەرییەکەیان دەکرد، لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستاندا زێدەڕۆیی لەگەشبینی کرا. هەڵکردنی چرای سەوز بۆ سوپا بۆ دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنی جەنگی، بەم واتایە دێ کەئەنکەرە خوێندنەوەیەکی وردی بۆ سەرەنجامە خراپەکانی ئەم بڕیارەی نیە. بەدڵنیاییەوە کوردی عێراق لەبەر دوو هۆ بەم بڕیارە دڵتەنگن. لەلایەك لەبەر ئەوەی پێیان خۆش نیە هێزی بیانی سنوریان ببەزێنێ و شەڕ بۆ ناو ماڵیان بگوازێتەوەو لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی حەز ناکەن هاوڕەگەزەکانیان بە بەرچاوی ئەوانەوە بکوژرێن.

هەرێمی کوردستان لانی کەم لەساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە، سەرقاڵی هەوڵێکی لێبراوە بۆ چاککردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاو لەم ڕووەوە تا ئەندازەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. ئێستا، لەگەڵ هەڵکردنی چرای سەوز بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی جەنگی لەناو هەرێمدا، هیچ گەرەنتییەك بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئەو پەیوەندییانە نامێنێ.

دەسپێشخەرییەکەی ئەنکەرە سەبارەت بەدەست پێکردنی دایەلۆگێکی کراوە دەربارەی چاکترین رێوشوێن بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، سەرەڕای کەموکورییەکانی، دەستپێشخەرییەکی گرنگە. بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە پێویستی بەپشتیوانییەکی زۆرە بەتایبەتی کەئەو مافانەی کەئەنکەرە ئامادەیی دەربڕیوە بۆ کوردی بسەلمێنێ هێشتا کرچ و کاڵن. ئەوەی ئەمە رون دەکاتەوە ئەوەیە کەئەنکەرە لەدەستپێشخەرییەکەیدا مافی خوێندن بەزمانی کوردی لەخوێندنگەکاندا ناسەلمێنێ و ئەوپەڕەکەی لەدوو مەسەلەدا نەرمیی نواندوە، یەکێکیان خوێندنی زمانی کوردییە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە کەئەمەش خوێندن بەزمانی کوردی ناگرێتەوەو ئەوی تر ئامادەیی دەربڕینە بۆ زیادکردنی سێ پیتی کوردی لەئەلفوبێی فەرمیدا.

ئەگەر سکاڵاکەی ئەحمەد تورك، سەرۆکی دەتەپە، بەهەند وەرگرین کەوتویەتی فەرماندەکانی سوپا ((لەهیچ بۆنەیەکدا تەوقەم لەگەڵدا ناکەن))، دەبێ بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەهەر کات لەتورکیا زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی دانی پێدانراو هەر کات فەرماندەکانی سوپا بەلایانەوە ئاسایی بوو کە تەوقە لەگەڵ ئەحمەد تورکدا بکەن، دەتوانین لەوە دڵنیابین کەئیدی مەسەلەی کورد لەتورکیا بەرەو چارەسەرێکی راستەقینە دەڕوا.

# پێنـــجەمی حکومەتی کوردستان
# ـــتە سەر نەخشەی جیهانی



«بـۆ گەلەکـەم تەئکیـد دەکەمەوە،کـە ستراتیژ و سیاسـەتمان جێگیـرە وەک پێشـان و لەسـەر ڕێچکـەی خـۆی بەردەوامـی دەبێـت.. شـانازی بـە دەسـکەوتەکانمانەوە دەکـەم، ئەگەر هەندێک کەس هەوڵـی ئەوە بدەن سیاسـەتی ئێمە ڕەتبکەوە، ئەوا لە نائومێدبوونیانەوەیە وەزیری سـامانە سروشتیەکان دەکەنە ئامانج ...بۆ حەسمکردنی ئەم کێشـە و دەرخستنی ڕاستیەکان من داوا لە پەرلەمـان دەکەم لیژنەیـەک پێکبهێنێت و چاو بەڕاستیەکاندا بخشێنێتەوە»

**نێچیرڤان بارزانی**



ئەگەر ناحەزانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی کوردستان، دژایەتی یاسای نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەن، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوانە دۆست و پشت وپەنای ئێمەن، ئەگەر ئەوانەشی چ وەك لایەنی سیاسیی یان تاکەکەس، کە هەموو ئامانجیان ئاستەنگ دروستکردن بووە بۆ بەرنامەکانی کابینەی پێنجەم بەگشتی و سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم،لەبەرامبەر سەرکەوتنە گەورەکانی نێچیرڤان بارزانی دوا پەلەقاژەی نەکەن و قسەکانی حوسێن شەهرستانی دووبارە نەکەنەوە، ئەوا نائومێد بوونەکەیان ئاشکرا دەبێت و دەبێت جارِی فاشیل بوونی خۆیان بدەن.

لێرەدا ئێمە نامانەوێت ناحەزانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ناحەزانی کابینەی پێنجەم و شەخصی نێچیرڤان بارزانی تێکەڵ بکەین،بەڵام لە کاتێکدا ئەوجا بە ئەنقەست بێت یان بەرێکەوت، هەردوولا بکەونە ناویەك بازنەوە و لە یەك روانگەوە بیانەوێت ئەم دەسکەوتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارە گرنگەی نەوت وگاز بەدەستی هێناوە بێ بایەخ و لەکەداری بکەن، ئەوا رەنگە لەسەرەتاوە وادەربکەوێت هەردوولایان لە ناو یەك بازنە و بەیەك چاو سەیر دەکەین، بەڵام ئێمە لەم راپۆرتە هەوڵدەدەین لەناو بازنەکە هەردوولایان بهێنینە دەرەوە و لەیەکتریان جیابکەینەوە، ئامانج لەم جیاکردنەوەیەش ئەوەیە :

* ئەوانەی بەزگماك شۆڤێنین و دژی ئەوەن کورد وکوردستان ئایندەیەکی هەبێت، ئەوا مێژووی سەدەم بیستەم شاهیدی ئەوەمان بۆ دەدات چۆن لە ماوەی پەنجاساڵی رابردوودا، نەك رێگەیان نەداوە کورد سوود لەسەرچاوە سروشتیەکانی خۆی وەربگرێت، بەڵکو ئەم سامانەی کوردستانیان بۆ کاولکردنی کوردستان بەکارهێناوە، بۆیە ئێستا کە سەرکردەیەکی نیشتمانی وەك بەرێز نێچیرڤان بارزانی بە پشت بەستن بە دەستووری عێراق و بە شێوەیەکی یاسایی و شەفافانە ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە دەکاتەوە، ئەگەر ئەم زروفە نەبێت کە خوا لە دەستی داون، دەبێت ئەگەری ئەو مەترسیەشمان هەبێت، لەسەر پیادەکردنی مافی خۆمان جارێکی دیکە وڵاتەکەمان داگیر بکەنەوە، هەروەك چۆن ئەم سیاسەتەی بەعس بە جۆرێکی دیکە لەو ناوچانەی لە هەرێمی کوردستان دابرێنراون و تائێستا نەگێراونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان بەردەوامی هەیە.

* ئەوانەی پێیان وایە هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزا ئاغایە، ئەمانە ناتوانن بە شێوازی مەدەنی و هاوچەرخانە ململانێی دیموکراتیانە لەگەڵ سەرکردەیەکی مۆدیرن و لێهاتووی وەك نێچیرڤان بارزانی بکەن، بەداخەوە لە سەرلێشاوی خۆیان، قسەکانی شۆڤێنیەکی وەك حسێن شەهرستانی دووبارە دەکەنەوە، هەموو ئەو هێرشانەی بە نارِەوا دەکرێنە سەر سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم، بەداخەوە هەڵقوڵاوی هەستێکی نیشمانی پێوە دیار نیە، ئەوانەی ئەم هێرشە نارەوایە دەکەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی نەوت وگاز.. بەداخەوە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیان نەخوێندۆتەوە، بەداخەوە ئەوەندە جورئەتەشیان نیە وەك د.حوسین شەهرستانی ئەو ئیعترافەش بکەن کە بە وردی یاساکەیان نەخوێندۆتەوە، سیاسەتمەدارێك یان رۆشنبیرێك، یان رۆژنامەنووسێك، پەرۆشی ئایندەی میللەتەکەی خۆی بێت، چۆن بەپێ خواسی خۆی دەخاتە ناو بازنەی دوژمنانی هەرێمی کوردستان و لەسەنگەرەوە تەقە لە ئایندەی میللەتی خۆیان دەکەن، لێرەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەم راپۆرتە وا تێنەگەن ئەم راپۆرتە لەسەر بنەمای کاردانەوە نووسراوە، یان پرسیاری مافی خۆیانە بۆچی کەمتر روودەکەنە ناحەزانی کوردستان و زیاتر رووتان لە ناحەزانی کابینەی پێنجەم و نێچیرڤان بارزانیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین ناسنامەی دوژمنانی گەلی کوردستان و ئایندەکەی لە ناو جەماوەردا ئاشکرایە، بەڵام بەداخەوە هەندێك جار ناسنامەی ئەوانە ئاشکرا نیە، کە پێیان هەڵدەخلیسکێت و دەکەونە بازنەی کەسێکی وەك حوسێن شەهرستانیەوە و بەوجۆرە پیشانی میللەتی خۆیانی دەدەن، کەسێکی وەك شەهرستانی لەسەر هەقە و کابینەی پێنجەم و نێچیرڤان بارزانی ناهەقن، ئەم قسەیەی حوسێن شەهرستانیش کە لە شەقامی کوردی هیچ بایەخێکی نیە، کەچی لایەنێکی سیاسیی یان هەندێك رۆژنامەی کوردستانی بەناوی رۆژنامەی ئازادەوە بازار گەرمی بۆ دەکەن.

## باکگراوندێك لە هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئایندەی رووناکی کوردستان

ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەقێکی کوردیی نیە، هەڵسەنگاندێکی وردی بۆ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کردبێت و گەلی کوردستانی لەم دەستکەوتە گەورەو مێژوویە ئاگادار کردبێتەوە، ئەم رەخنەیە بە پلەی یەکەم ئاراستەیە بۆ هەموو کەناڵەکانی میدیای پارتی دیموکراتی کوردستان بە(( بینرا و نووسراو بیستراوەوە)) بە پلەی دووەم ئاراستەی میدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکرێت کە هاوبەشی کابینەی حکومەتی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، بەپلەی سێیەم ئاراستەی میدیای ئازادی دەکەین، کە دەبوو هەردوو لایەنی ئیجابی و سلبی بۆ گەلی خۆیان ئاشکرا بکەن.

ئەوەی کراوە شەخصی نێچیرڤان بارزانی و کابینەی پێنجەم خۆیان پێی هەستاون و ئەم کارانەیان ئەنجامداوە:

* پێش نووسینەوەی دەستوور و لەگەڵ دەستپێکی دارِشتنی یاسای کاتی بۆ قۆناخی ئینتقالی، نێچیرڤان بارزانی تیمێکی راوێژکاری دەستووری نێودەوڵەتی پێکهێنا، ئەم تیمە کۆمەڵێك پسپۆری نێودەوڵەتی ناسراوی جیهانی تێدابوو، کەبریتیبوون لە (( باڵیۆز پیتەر گالبریس، پرۆفیسۆر براند ئۆلێری،

د.خالید سالح )).

* ئەم تیمە تەنها کاریـان ئەوە نەبوو لە رووی دەستووریەوە هاوکاریمان بکەن، بەڵکو پرۆژەیەکیان لەبەر دەسـت بوو، بەهەموو جیهان بڵێـن دەبێت ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بەمجۆرە بێـت، بۆ ئەوەی جیهـان لەوە تێبگات کـورد دەیەوێت چۆن هەنـگاو بەرەو ئاییندە هەڵبگرێت، هەربۆیە ئەم تیمە پەنایان بردە بەر کۆمەڵێك پسپۆری دیکە لـە هەموو جیهان و هەموو لایەنەکانی هەرێمی کوردسـتانیان دیراسەتکرد و پاشـان هەموو ئەم دیراسـەتانەیان لە کتێبێکدا کۆکردەوە و بە ناونیشانی (( ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا )) بـە زمانـی ئینگلیـزی چاپکرد و بڵاویانکردەوە لە هەموو جیهاندا،بەداخەوە تائێستا بێجگە لە گۆڤاری گوڵان کە بۆ هەڵسـەنگاندنی ئەم کتێبە بەنرخە سـیمینارێکی لە هۆتێلی شیراتۆن بۆ زیاتر لـە ١٠٠ کەسـی ئەکادیمی و سیاسـیی و رۆژنامەنووسـانی بیانی رێکخسـت، هیچ کەناڵێکی میدیایی بایەخـی بەم کتێبـە نەداوە.ئەم کتێبە یەکەمجارە لـە مێژووی کـوردا بەو شـێوەیە دەنووسرێت و یەکەمجارە کتێب لەسەر ئاییندەی کوردستان بنووسرێت، ئەمـە خۆی لـە خۆیـدا داهێنانێکە پێـش نێچیرڤان بارزانـی کەس بیری لێنەکردۆتەوە.

* نێچیرڤـان بارزانی لە کۆنگرەی (( کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە)) کە لەساڵی ٢٠٠٠ لە زانکۆی ئەمریکا لە واشـنتۆن گرێدرا، لە وتارەکەیدا باسی ئەوەی کرد، کورد ١٠٠ ساڵە بە ئاگری نەوتەکەی خۆی دەسووتێنرێت، بۆیە ئێمە کە سەرچاوەیەکی دیکەی بەنرختمان هەیە،ئەویش سـەرچاوەی ئاوە، ترسمان هەیە ئەم سامانەش بمانخنکێنێت، بۆیە لە نـاو زانکۆی ئەمریـکا بە هەموو جیهانی راگەیاند، دەمانەوێت لەمەودوا سەرچاوە سروشـتیەکانمان ببنە خێر و بەرەکـەت بۆ گەلەکەمـان و گەلانی عێراق و ئەو مێژووە ناخۆشەی رابردوو دووبارە نەبێتـەوە، ئەمە مانای ئەوەیە نێچیرڤان بارزانی زیاتر لە ١٠ ساڵە بە فیعلی هەوڵی ئەوە دەدات، سەرچاوەی سامانە سروشتیەکان، نەك تەنها نەوت، بەڵکـو ئاو، کانزا، ئینجا نەوت و گاز. ببنە سـەرچاوە بۆ ئایندەی کوردستان و خۆشـگوزەرانی ئێسـتا و نەوەکانی داهاتوو، نێچیرڤـان بارزانی کە ئەمە بیرکردنـەوەی بوویێت و بۆ ئەم کارەش تیمـی راوێژکاری لەسـەر ئاسـتی هەموو جیهان پێکهێنابێت، حەتمەن ئەو کەلێنانەشـی پرکردۆتەوە کە ناحەزان و دوژمنـان بیانەوێت لێوەی بێنە ناوەوە و ئایندەی کوردستان بشێوێنن.

* ئـەم باکگراونـدەی هەوڵەکانـی نێچیرڤان بارزانی گرنگ بوو ئاماژەیان پێبکەینەوە،بـۆ ئـەوەی خوێنەری ئەم راپۆرتە لەوە تێبگات، کە یاسای نەوت وگاز کـە ئێسـتا بۆتە دەسـکەوت و کوردستانی کردۆتە ئەو دەوڵەتی نەوت هەنـاردەی دەرەوە دەکات و هەنگاوێکە ببێتـە ئەندامی ئۆپێك، یان چاودێر لە ناو ئۆپێکدا، ئەم دەسکەوتە هیچی لەو دەسـکەوتەکەی تایوان کەمتر نیە کە بۆتە ئەندامی رێکخـراوی بازرگانی جیهانی((WTO)).. ئێسـتا تایوان ئەندامیەتـی رێکخـراوی بازرگانی جیهانی، بە هاوشـانی ئەوەی دەزانێت مافی ئەندامیەتی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ گەڕابێتەوە، دوژمنانی کوردسـتان لـەم هەوڵـەی نێچیرڤان بارزانی تێدەگەن، دەزانن چ ئاییندەیەك بۆ گەلی کوردسـتان دابیـن دەکات، بۆیە هەمـوو رێگەیـەك دەگرنە بەر بۆ ئەوەی ئـەم هەوڵە پەکبخەن، بەڵام لەبەر دەم چیایی شەفافیەت و یاسایی و دەسـتووری هەنگاوەکانی نێچیرڤان بارزانی هیچیان پێناکرێت.

* کە سەرکردایەتی کوردستان دەڵێت: ((پردی مانەوەی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی دەوڵەتـی عێراقـە))، کەم کەس دەگەڕێتەوە بۆ دەستووری عێراق بزانێـت لەو دەسـتووورەدا چی هاتووە، بەداخـەوە زۆربـەی رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار و رۆشنبیریش، وادەزانێت گرنگی دەستووری عێراق بۆ هەرێمی کوردسـتان تەنها مـاددەی ١٤٠ بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سـەر هەرێمی کوردسـتان، راستە ئەم مادەیە بـۆ ئێمـە وەك کوردسـتانی هێندەی هەمـوو دەسـتووری عێـراق گرنگە و ئـەم مادەیە سـنوری جوگرافی و مێژوویـی کوردسـتان دیاریـدەکات، مەبەسـتمان ئەوەنیە لـە گرنگی ئەم مادە دەسـتووریە کەمبکەینەوە،بەڵام کۆمەڵێـك مادەی دیکـەش هەن، کە خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان لەنێو سـنوورە جوگرافی و مێژووییە راستە قینەکـەی خۆی مسـۆگەر دەکات، گرنگتریـن خاڵ یان مـاددەی دوای مادەی ١٤٠، وەك پرۆفیسۆر جۆناسان ئامـاژەی پێکـردووە مـاددە ١١١ و ١١٢ ی دەسـتووری عێراقیە،و دەڵێت: (( دەسـتووری عێراق بە شـێوەیەکی راشـکاوانە هەقـی موڵکایەتـی(( مەبەسـتی هەقی موڵکایەتی کێڵگە نەوتیەکانی کوردسـتانە)) بە بەشێك لە مافی گەلی کوردسـتان دادەنێت(( مادە ١١١))، هەروەها ئەو داهاتەشی لەو کێڵگە نەوتیانە دەستدەکەون مافی وەرگرتن و بەرێوەبردنی دەداتە هەرێمی کوردسـتان،((مادەی ١١٢)) بـەڵام حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان پێی وایە، داهاتی کوردسـتان و بەشەکانی دیکـەی عێراقیش دەبێـت بۆ هەموو عێراقیەکان بێت))

((The Constitution clearly identifies ownership rights on the part of the people of the Kurdistan Region (Article 111), and permits revenues from new fields to be received and managed by a region (Article 112). However the KRG believes that, without prejudice to these rights it is in Kurdistan's and Iraq's common interest for all revenues from Kurdistan and other parts of Iraq to be pooled and shared fairly throughout the Iraqi population).

کەواتە ئەمەیە دەبێـت ئاگاداری بین کە چۆن بەرێز نێچیرڤـان بارزانی بۆ سـوود وەرگرتن و مسـۆگەر کردنی ئایندەی کوردستان،ئەم بنەما دەستووریە



**نێچیرڤان بارزانی زیاتر لە ١٠ ساڵە بە فیعلی هەوڵی ئەوە دەدات، سەرچاوەی سامانە سروشتیەکان، نەک تەنها نەوت، بەڵکو ئاو، کانزا، ئینجا نەوت و گاز. ببنە سەرچاوە بۆ ئایندەی کوردستان و خۆشگوزەرانی**

کۆنکرێتەیەی دروستکردووە، بۆ ئەوەی یاسای نەوت و گازی کوردستانی لەسەر دابرێژرێت و بوێرانە و سەربەرزانە ساڵێك پێش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان پەسەندی بکات، دەیخاتە بەردەم هەموو یاساناسانی نێودەوڵەتی لە بواری یاسای نەوت و گاز لە جیهاندا و هەروەها دەیخاتە بەردەستی هەموو راوێژکارە یاساییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە جیهان و بەردەم هەموو خەڵکی کوردستان و عێراق، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شەفافانە لە چۆنیەتی وەبەرهێنانی نەوت لە کوردستان پیادەبکرێت،لەمەش زیاتر وەك پرۆفیسۆر مۆرۆ لە کتێبی (( حکومەتی هەرێمی کوردستان: وەبەرهێنان لە ئاییندە)) ئاماژەی پێکردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی ئەو گرێبەستانەی لە گەڵ کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهان گرێداوە لە ویبسایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان((www.krg.org)) بڵاو دەکاتەوە، بۆیە کە ئەم حاڵەتەش هاتە پێشەوە وەك بەرێز نێچیرڤان بارزانی لە دیمانەکەی سەرەتای ئەم مانگە بڵاویکردۆتەوە، داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکات لیژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی چاو بەراستیەکاندا بخشێننەوە، ئەمرۆش دروشمە بەرێز د.ئاشتی هەورامی لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەدەبێت، تەواوی راستیەکان بۆ پەرلەمانتاران روونەدەکاتەوە و وەڵامی پرسیارەکانیان دەداتەوە، ئەمەش سەرکەوتنێکی دیکەی مۆدیلی حکومرانی نێچیرڤان بارزانیە، کە خۆی داوا لە پەرلەمان دەکات لیژنە پێکبهێنن و چاو بەراستیەکاندا بخشێنەوە، ئەم مۆدیلە ئەگەر لەسەر ئاستی دەوڵەتانی پێشکەووتووی رۆژئاواش دەگمەن نەبێت، ئەوا بەدڵنیایەوە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی حاڵەتێکی دەگمەنە و هێشتا گوێمان لێ نەبووە هیچ سەرۆك حکومەتێك بەو بوێری و بروا بەخۆبوونەوە رووبەرووی جیهان و گەلی خۆی بێتەوە هەموو راستیەکانیان بۆ ئاشکرا بکات.

**بۆ ئەوانەی ماوەی ٣ ساڵە چاویان بەرایی نەهاتووە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بخوێننەوە**

ئەوەی لەم حاڵەتە بەدیمانکرد، بەداخەوە ئەو هەستکردنە بوو، کەلەسەر ئاستی کوردستان زۆر کەمن ئەوانەی خۆیان ماندووکردووە و یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیان خوێندۆتەوە،هۆکاری ئەم هەستکردنەمان لەو خاڵەوە بۆ دەرکەوت،هەموو ئەو نووسینانەی لەسەر ئەم مەسەلەیە لە کوردستان نووسران هیچیان کەم تازۆر نەگەڕانەوە بۆ چەند راستیەك کە لە یاساکەدا وەك دەسەڵات دراون بە وەزیری سامانە سروشتیەکان، هەروەها شێوازی گرێدانی گرێبەستەکانیش، ئەمە لە کاتێکدا، یاسای نەوت و گازی کوردستان دوای ئەوەی لە مانگی ئابی ٢٠٠٦ لەسەر ویبسایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە و پاشان کۆنگرەی لەندەنی بۆ گرێدرا و هەموو یاساناسانی نێودەوڵەتی لەبواری یاسای نەوت و گاز سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەر دەربڕی و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانەی لەبەر چاوگرت،تا گەیشتە ئەوەی هەموو پسپۆرانی نەوت



ئاماژە بەم خاڵانە بکەن:

١- یاسای نەوت و گازی هەرێم بەپێی دەستووری عێراق دانراوە.

٢- لە دەستووری عێراقدا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی نەوت، دەسەڵاتێکی حەسری نیە بۆ حکومەتی فیدراڵی.

٣- یاساکە بە ئاستی ستاندەری جیهانی یە و یەکێکە لە یاسا پێشکەتووەکانی بواری نەوت و گاز لە جیهاندا.

٤- لەگەڵ یاسای دابەشکردنی داهات لە عێراقدا هاودژ نیە.

دوای ئەمە لە ٢٠٠٧/٨/٦، واتە ساڵێك دوای موناقەشە و هەڵسەنگاندن، پەرلەمانی کوردستان بە تێکرای دەنگ پەسەندی کردووە و لە ٢٠٠٧/٨/٩ سەرۆکی کوردستان ئیمزای کردووە.

جیۆلۆجیەکان مەزندەی نەوتی ناوچەکانی ئێستای ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ٪١٥ی هەموو نەوتی عێراق دەخەملێنن، ئەگەر مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت و کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا ئەم ڕێژەیە دەگاتە ٪٢٥ی تێکرای نەوتی عێراق، ئەمە واتە نزیکەی ٤٥ بلیۆن بەرمیل نەوتی خاو و ١٠٠ ترلیۆن پێ سێ جا، گازی سروشتی.

### ئەم یاسایە کام دەسەڵات دەداتە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و کەسی وەزیر؟

پرۆفیسۆر جۆناسان مۆر کە ئوستادی یاسای نێو دەوڵەتیە و یەکێکە لەو تێمەی بەشداری لە دارشتنی دەستووری عێراق کردووە و ئەم یاسایەی هەڵسەنگاندووە دەڵێت:

١- یاسای گاز و نەوتی هەرێم، دیاریکردووە کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان،دەسەڵاتی بەرپرسیارە بۆ وتاوتوێکردن،جێبەجێکردن، ڕێگەدان بۆ گەران بەدوای نەوت وگاز بداتە کۆمپانیا وەبەرهێنەکان وبریار بدات، پاشان ئەم بریارە لەلایەن لێژنەیەك لە ناو ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەند دەکرێت.

٢- یاسای نەوت وگازی کوردستان شێوازی گرێبەست بەشێوەی پشك لە دابەشکردنی داهات ((((Production Sharing Contract PSCs )))) شیوە گرێبەستێکە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان مۆڵەتی پێدەدا،بۆ دەرهێنانی نەوت.

٣- یاساکە دیاریکردووە کە تەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە باجدان لەسەر وەبەرهێنی پەترۆل و گاز دابنێت.

٤- شێوازی گرێبەستی((PSCs)) وەبەرهێن پابەند دەکات بەدوای نەوت بگەرێت، ئەگەر پێویست بوو کێڵگە نەوتیەکان گەشەپێبدات،لەو ناوچە دیاریکراوەی کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆی دیاریدەکات.

٥- بەشی هەرە زۆری نەوتی بەرهەم هاتوو تەسەروفات پێوەکردنی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

٦- شیوازی ((PSCs)) کە بەپێی یاسای نەوت وگازی هەرێم لە کوردستانیش پیادەکرێت، شیوازێکە لە شەستەکانی سەدەی رابردووە دەوڵەتانی خاوەن پەترۆل پیادەی دەکەن و بۆ یەکەمجار لە ئەندەنوسیا پیادەکراوە.

**قسەی حوسێن شەهرستانی کە لە شەقامی کوردی هیچ بایەخێکی نیە، کەچی لایەنێکی سیاسیی یان هەندێک رۆژنامەی کوردستانی بەناوی رۆژنامەی ئازادەوە بازار گەرمی بۆ دەکەن**



ئەم کێشەیە
جارێکی دیکە
نێچیرڤان بارزانی
لەسەر ئاستی
جیهان و ناوخۆ و
عێراقیش پێناسە
کردەوە، بەوەی
ئەو سەرۆکە
دیموکراتیە، لە
ناوچەیەکی نامۆ
بەدیموکراتی،
بونیادی
حکومەتێکی
دیموکراتی لەسەر
بنەمای ئازادی
و بازاری ئازاد و
ئابوری بازار لە
جیهان وڵاتی خۆی
بونیاد دەنێتەوە



٧- یاسای نەوت وگازی هەرێم شەرعیەتی گرێدانی کۆنتراکتەکانی لە ماددە ١٤١ی دستووری عێراق وەردەگرێت.

٨- حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی بەرهەمهاتوو بەرێگەی بۆریە نەوتیەکانی جیهان رەوانەی دەرەوەی دەکات لە تورکیاوە.

ئەم خاڵانەی لەم راپۆرتە ئاماژەیان پێکراوە، لە هیچ کام لەو راپۆرت وهەواڵانە لە کوردستان نووسراون بۆ رووماڵکردنی ئەم کێشەیە ئاماژەیان پێنەکراوە، ئەگەر ئەو لایەنانەی کاریان لەسەر ئەم کێشەیە کردووە، ئاگاداری یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستان بوونایە،ئەوا لەلایەکەوە باشتر لە کێشەکە تێدەگەیشتن و لەو دەسەڵاتەش تێدەگەیشتن کە یاساکە داویەتە بەرێز د.ئاشتی هەورامی وەك وەزیری سامانە سروشتیەکان، هەروەها ئاگاداری ئەوە دەبوون، کە کردنەوەی حسابی بانکی بەناوی خودی وەزیر یان کەسێکی دیکە وەك لە نامەکەی بانکی ((HSBC))بۆ بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی روونکراوەتەوە و تیایدا هاتووە:

* هەموو حسابەکان بەشێوەیەکی رێکوپێك بەناوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان – حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکخراوە.

* ئەم حسابە هەموو کات لەسەر بنەمای ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە،کار بەو حسابەکراوە.

* کرینی پشکەکان لەسەر حسابی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە،تەنها ئەموالی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کرینی ئەو پشکانە بەکارهاتوون، هەموو ئەو داهاتەشی لەو کرینە هاتوون خراونەتەوە سەر حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

* بەمەبەستی کرینی ئەم پشکانە بانکی (( HSBC)) لەبری حکومەتی هەرێم بەو کارە هەستاوە،بەناوێکی تایبەت، ئەمەش بەراوێژ لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتیەکان کراوە.

* بەکارهێنانی حسابێکی تایبەت لەبری ناوەکە راستەوخۆ،مەسەلەیەکی سروشتی و یاساییە . زۆرجار لەلایەن ریکخراوە حکومیەکان وکۆمپانیاکان و وەبەرهێنەکانەوە بۆ پاراستنی تایبەتمەندی خۆیان پێرەو دەکرێت.

هەروەها کۆمپانیای DNOش کە لایەنی سەرەکی کێشەکەیە لە نامەیەکیدا بۆ بەرێزان ((مام جەلال، سەرۆك بارزانی، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی حکومەتی کوردستان)) ئەم باسەی روونکردۆتەوە و داوای لێبوردنی کردووە، بەڵام ئێمە لەم راپۆرتە هەڵوەستە لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆر ناکەین، لەبەر ئەوەی ستاڤی سەرەکی بۆرسەی ئۆسلۆ (( سەرۆکی بۆرسە، جێگری سەرۆك بۆ کاروباری یاسایی، راوێژکاری پەیوەندیەکان، بەتایبەت بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان قسەیان کردووە و روونکردنەوەیان لەسەر ئەو کێشەیە بۆ نووسیوون.

## ئەم کێشە چی فێرکردین؟

ئەم کێشەیە لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاوە هەندێك نارەحەتی و لێکتێنەگەیشتنی دروست کرد، بەڵام کۆتاییەکە کۆمەڵێك وانە بوون کە ئەگەر ئەم کێشەیە نەبوایە بەو چڕوپریە لێی تێنەگەیشتین:

١- ئەم کێشەیە جارێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئاستی جیهان و ناوخۆ و عێراقیش پێناسە کردەوە، بەوەی ئەو سەرۆکە دیموکراتیە، لە ناوچەیەکی نامۆ بەدیموکراتی، بونیادی حکومەتێکی دیموکراتی لەسەر بنەمای ئازادی و بازاری ئازاد و ئابوری بازار لە جیهان وڵاتی خۆی بونیاد دەنێتەوە.

٢- ئەم کێشەیە فێری کردین، نێچیرڤان بارزانی ئەو سەرکردەیەیە کە خەمی کورسی دەسەڵاتی نییە، بەڵکو خەمی ئەو پێکەوە بەستنەوەی خەمەکانی ئێستا و ئاییندەیە، بۆیە ئەو سەرکردەیەیە ئومێدی ئاییندەی لەسەر بونیاد دەنرێت.

٣- ئەم کێشەیە فێری کردین، ئایینده لەسەر راستی، شەفافیەت، بوێری لە بریاردان، پشت بەستن بە میللەتی خۆت بونیاد دەنرێت، نەك بە ئاڵۆزی و تێروانینی کورت مەداو بەرژەوەندی سیاسیی و حزبی.

٤- ئەم کێشەیە جارێکی دیکە شکۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر ئاستی جیهان پیشاندایەوە، ئەوانە حەزدەکەن باشتر لەم راستیە تێبگەن، با تەنها ئەو نامانە بخوێنەوە، کە بۆرسەی ئۆسلۆ، بانکی (( ئێچ .ئیس،بی،سی)) و کۆمپانیای(( دی،ئێن،ئۆ)) بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ناردووە.

**ئەم کێشەیە فێری کردین، نێچیرڤان بارزانی ئەو سەرکردەیەیە کە خەمی کورسی دەسەڵاتی نییە، بەڵکو خەمی ئەو پێکەوە بەستنەوەی خەمەکانی ئێستا و ئاییندەیە، بۆیە ئەو سەرکردەیەیە ئومێدی ئاییندەی لەسەر بونیاد دەنرێت**

# ڕوونکردنەوەی تایبەتی سەرۆکی بۆرسەی ئۆسلۆ بۆ گوڵان

**بێنتە لاندسنەس سەرۆکی بۆرسەی ئۆسلۆ تایبەت بۆ گوڵان:**



## هیچ کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبۆتە جێی بابەتێک بۆ لیکۆڵینەوە لەلایەن بۆرسەی ئۆسلۆوە

**بەرێزان :**

**پێم وایە وەڵامی ئەم پرسیارانەتان لە لایەن بەرێز ئەتلە دەگرێوە بەدەست گەیشتوە کە بەرپرسی جێگری سەرۆکی کاروباری یاساییە، بە هەمان شێوە وەڵامی ئەم پرسیارانەشتان لە لایەن گرۆ شتاین لە بەشی پەیوەندیەکانی بۆرسەکەی ئێمە دراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من وەڵامەکانت بە شێوەیەکی نووسراو بەمجۆرە بۆ دەنێرم.**

١. دەستەی بەڕێوەبەرانی بۆرسەی ئۆسلۆ لە مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵدا هەڵسا بە دەرکردنی بڕیارێك و سەپاندنی غەرامە بەسەر کۆمپانیای نێودەوڵەتی دی.ئێن. ئەودا بەهۆی پێشێلکردنی پابەندبونەکەی بە بڵاوکردنەوەی زانیاریە ناوخۆییەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا و بەهۆی پێشێلکردنی پابەندبوونی بە دابینکردنی زانیاری بۆ بۆرسەی ئۆسلۆ . (بۆ لێدوانە ڕۆژنامەییەکەی ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩ بڕوانە: : http://www.oslobors.no/ob_eng/Oslo-Boers/About-us/Press-room/Press-releases/The-Board-of-Directors-of-Oslo-Boers-imposes-violation-charges
کۆمپانیای دی.ئێن. ئۆ هەڵسا بە بەرزکردنەوەی داواکاریەك بۆ لیژنەی تێهەڵچونەوەی بۆرسەکە بۆ ئەوەی بە بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەراندا بچێتەوە. لیژنەی تێهەڵچونەوە لە ١٧ی ئەیلولدا ئەو بڕیارەی پەسەندکرد کە کۆمپانیاکە پابەندبون و ئیلتیزامی پەیوەست بە دابینکردنی زانیاری بۆ بۆرسەی نەرویج پێشێلکردووە، بەڵام ئەو بڕیاری هەڵوەشاندوەوە کە زانیاریەکانی پەیوەست بەوەی کێ خاوەنی پشکەکانی کۆمپانیاکەیە بە زانیاری ناوخۆی لەقەڵەم دابوو( بۆ بڕیاری لیژنەی پێداچونەوەی بۆرسەی ئۆسلۆ بڕوانە and press September ١٧ release of ٢٠٠٩: ).

کاتێك بۆرسە و لیژنەی تێهەڵچونەوە ڕوبەڕوی کێشەکانی پەیوەست بە پێشێلکردنی ڕێساکانی نەرویج دەبنەوە، دەبێت بە پێی یاسا ئیدارەی گشتی نەرویجی و یاسای ئازادی زانیاری ڕەفتاربکەن. بە پێی ئەم یاسایانەش دەبێت لایەنی سێیەم، وەك دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بتوانن زانیاریان لەبارەی پرسەکە دەستبکەوێت. بۆرسەی نەرویج داواکاریەکی بەدەست گەیشت لە لایەن ڕۆژنامەیەکی نەرویجیەوە و ڕۆژنامەکەش پرۆتۆکۆڵەکانی بەدەستهێنا لە دەستەی بەڕێوەبەرانی بۆرسەی نەرویجیەوە.

٢. بۆرسەی ئۆسلۆ تەنها پەیوەندی بە کۆمپانیای نێودەوڵەتی دی.ئێن. ئۆوە هەیە لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکە لە لیستی بۆرسەکەدا هەیە. بۆرسەی ئۆسلۆ هیچ پەیوەندیەکی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و د. ئاشتی هەورامیەوە نیە.

هەروەها بۆرسەی نەرویج کۆبونەوەیەکی لەگەڵ بەرێز خالد سالحدا ئەنجامدا لە ٢٨ ئەیلولدا، دوای کۆبونەوەکە بۆرسەی نەرویج ئەم ڕاگەیاندنەی بڵاوکردەوە:

کۆبونەوەی نێوان بۆرسەی نەرویج و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی دوشەمە، ڕێککەوتی ٢٨ ئەیلول

لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێککەوتی ٢٨ ئەیلول، بۆرسەی ئۆسلۆ کۆبونەوەیەکی لەگەڵ خالد سالحدا ئەنجامدا، ڕاوێژکاری باڵای سەرۆك وەزیران و وەزیری سەرچاوە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆرسەی ئۆسلۆ لە کۆبونەوەکەدا نوێنەرایەتی دەکرا لە لایەن بێنتە ئەی. لاندسنەس، سەرۆك و بەرپرسی جێبەجێکار و ئەتلە دێگرە، جێگری باڵای سەرۆك بۆ کاروبارە یاساییەکان.

خالد سالح هەڵسا بە شیکردنەوەی ئەو دەرئەنجامانەی کە جێی داخن و ڕوبەڕوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتەوە کە بە «کێشەکەی دی.ئێن. ئۆ» ناسراوە.

لە کاتی کۆبونەوەکەدا بۆرسەی ئۆسلۆ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نیە و هیچ کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبۆتە جێی بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەن بۆرسەکەوە. لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان لە لایەن بۆرسەی ئۆسلۆوە پەیوەست بەم کێشەیەوە پەیوەندیان بە کۆمپانیای دی.ئێن. ئۆ و ئەرکەکانی کۆمپانیاکەوە هەیە لە ئاست بۆرسە و بازاڕدا. بە نیسبەت بۆرسەی ئۆسلۆوە کێشەکە کۆتایی هات بە بڕیاری لیژنەی تێهەڵچونەوە لە ١٧ی مانگی ئەیلولدا.

ئۆسلۆ، ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٠٩

٣. بۆرسەی ئۆسلۆ زانیاری تێروتەسەلی نیە دەربارەی ئەوەی دەبێت ڕاگەیاندن چۆن کاربکات یاخود چۆن زانیاری بەدەست دەهێنێت. وەڵامی پرسیاری ئەوەی بۆچی ڕاگەیاندن پرۆتۆکۆڵەکەی پەیوەست بە کێشەی کۆمپانیای دی.ئێن. ئۆ بەدەست گەیشتووە لە خاڵی یەکەمدا دراوەتەوە.

٤. هەروەك لە ڕاگەیاندراوە ئاماژەپێکراوەکەی ڕۆژی ٢٨ ئەیلولدا شیکراوەتەوە، لە ڕوانگەی بۆرسەی ئۆسلۆوە کێشەکە کۆتای هات بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوی لیژنەی تێهەڵچونەوەی بۆرسەکە لە ١٧ ئەیلولی ٢٠٠٩دا.

٥. بۆرسەی ئۆسلۆ بەشداری لە پەیوەندی نێوان کۆمپانیای دی.ئێن. ئۆ و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ناکات. بۆرسەی ئۆسلۆ تەنها بایەخ بە پابەندبوونی ئەو کۆمپانیایانە دەدات کە لە لیستی بۆرسەکەدا هاتوون بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان لە ئاست بۆرسەکە و بازاڕدا جێبەجێ بکەن.

لەگەڵ ڕێزدا

بێنتە ئەی. لاندسنەس

سەرۆکی بۆرسەی ئۆسلۆ

Tel: +47 22 34 17 00
Fax: +47 22 33 80 77
E-mail: ba@oslobors.no
www.oslobors.no

## كۆبوونەوەی ١٧ی ئەیلول سەبارەت بە كێشەی DNO لە ب

لە كۆبونەوەی ڕۆژی ١٧ ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٩دا، لیژنەی پێداچونەوەی (استئناف_ تێهەڵچونەوە) بۆرسەی ئۆسلۆ هەڵسا بە تاوتوێكردنی داواكاری كۆمپانیای نێودەوڵەتی دی.ئێن. ئۆ لە دژی ئەو بڕیارەی دەستەی بەڕێوەبەرانی بۆرسەی ئۆسلۆ دەریانكردبوو لە دژی كۆمپانیاكە بۆ سەپاندنی غەرامەی پێشێلكردن بەسەر ئەم كۆمپانیایەدا لەبەر ئەوەی ئەركەكەی خۆی پێشێلكردووە كە دەبوو بە ئاشكرا هەڵبستێت بە بڵاوكردنەوەی زانیاریە ناوخۆییەكانی هەروەك بەشی ٢-٥ (١) یاسای پاراستنی بازرگانی و



## كێشەی DNO و بۆرسەی ئۆسلۆ

لە ١٠ی تشرینی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٨دا كۆمپانیای دی. ئێن. ئۆی نەرویجی ٤٣،٨٧٣،٩٦٠ پشكی كۆمپانیاكەی بە نرخی ٤ كرۆنی نەرویجی بۆ هەر پشكێك فرۆشت. فرۆشتنەكە ڕێژەی لە ٤،٨٪ سەرمایەی كۆمپانیاكەی پێكدەهێنا. بۆرسەی ئۆسلۆ پێی وایە ناسنامەی كڕیار و هەل و مەرجی كرینەكە بڕگەی ئاشكراكردنی زانیاریەكان دەیگرێتەوە لەبەر ئەوەی پێشبینی دەكرێت خاوەندارێتی و بەدەستهێنان گرنگی خۆیان هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی وەبەرهێنەكان لە ئاسا یەكێك لە پرۆژە هەرە گرنگەكانی كۆمپانیاكەدا. لە ٢٣ی مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٩دا، بۆرسەی ئۆسلۆ ڕێنمایی بە كۆمپانیاكە دا بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ئاشكرا هەڵبستێت بە بڵاوكردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر سەفقەكە لەسەر ئەو بنچینەیەی كە بۆرسەكە پێی وابوو ئەمە زانیاری ناوخۆییە و دەبێت ئاشكرابكرێت. بۆرسەی ئۆسلۆ پێی وایە كۆمپانیاكە ئەم ڕێنماییەی جێبەجێ نەكردووە.

لە ڕاستیدا زانیاریەكانی پەیوەست بە ناسنامەی لایەنی كڕیاری پشكی كۆمپانیاكان خۆی لە خۆیدا زانیاری ناوخۆی نین، بەڵام هەل و مەرجی سەفقەكان ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی ناسنامە لایەنی كڕیار بكاتە زانیاریەكی ناوخۆیی. شتێكی نائاساییە پشكەكانی كۆمپانیایەك بفرۆشرێت بە تاكە وەبەرهێنەرێك لە ڕێی گفتوگۆی دولایەنەوە.

***

**وەسفكردنێكی كورتی پێشێلكردنی پابەندبوون بە داپینكردنی زانیاری بۆ بۆرسەی ئۆسلۆ**

لە پەیوەندیدا لەگەڵ بۆرسەی ئۆسلۆ لە بارەی پرسی زانیاری ناوخۆی، لە وەڵامی پرسیارە ڕاستەوخۆكانی بۆرسەی نەرویجدا كۆمپانیای دی. ئێن. ئۆ زانیاری دابین نەكرد. كۆمپانیاكە تەنها ئەو كاتە زانیاری دەربارەی ناسنامەی لایەنی هاوشان بە كڕیاری ئاشكرا كرد كە دركی كرد بۆرسەی ئۆسلۆ زانیاری هەیە لە بارەی سەفقەكانەوە. وەڵامی ناتەواوی كۆمپانیاكە بۆرسەی ئۆسلۆی دوچاری دژواری كردەوە لە جێبەجێكردنی ئەركە یاساییەكانی خۆی وەك دەستەیەكی سەرپەرشتیاری و چاودێری.

هەروەها بۆرسەی ئۆسلۆ سەرنجی ئەوەی داوە كە كۆمپانیاكە، بۆ ماوەیەكی درێژ، هەوڵی دواخستنی بەرەوپێشچونی كێشەكەی داوە و ڕێگری بۆ لێكۆڵینەوە ئەنجامدراوەكان لە لایەن بۆرسەی ئۆسلۆوە دروستكردووە. سەرەڕای ئەوەش، پێدەچێت پێشێلكاری كۆمپانیاكە پێشێلكاریەكی ئەنقەست بێت.

## ...ۆرسەی ئۆسلۆ

پێشێلکردنی ئەرکی پێدانی زانیاری به پێی بەشی ٢٤ (٧) له یاسای بۆرسەکە.
لیژنەکە ئەم یاسایانەی دەرکرد: هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەرانی بۆرسەکە کە لە ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩د دەری کردبوو.
بۆ پێشێلکردنی ئەرکی ئاشکراکردنی زانیاریەکان بە پێی بەشی ٢٤(٧) یاسای بۆرسەکە هەڵسا بە سەپاندنی غەرامەیەك کە بکاتە چوار ئەوەندەی ئیشتراکی ساڵانەی کۆمپانیاکە بێت کە دەکاتە ٩٤٢٢٢٨ کرۆنی نەرویجی بەسەر کۆمپانیاکەدا.




# بێنته لاسنەس سەرۆكی بۆرسەی ئۆسلۆ له چەند دێڕێكدا

دەستەی بۆرسەی ئۆسلۆ بێنته ئەی. لاندسنەسی وەك سەرۆكی نوێی و سەرۆكی جێبەجێكاری بۆرسەی ئۆسلۆ دامەزراندووە. پێشتر بێنته ئەی. لاندسنەس جێگری سەرۆكی گروپی جێبەجێكاری تەكنەولۆجیای زانیاری و خزمەتگوزاریەكانی موچەیە له DNA NOR ASAیە، هەروەها ئەندامی بەڕێوەبردنی جێبەجێكاری گروپەكەیە.
هەروەها خاوەنی ئەزمونە وەك بەڕێوەبەری جێبەجێكاری بۆرسەی ئۆسلۆ. لە ١ی كانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ دا بێنته ئەی. لاندسنەس لە پۆستی سەرۆكی بۆرسەی ئۆسلۆدا دەست بەكاربووە، لەو كاتەدا سڤەن ئەرلید ئەندەرسەن سەرۆكی پێشووخانەنشین كرا. هۆكارێكی زۆر گرنگ بۆ دەستنیشانكردنی بێنته ئەی. لاندسنەس ئەوەبوو ئەم خانمە وەك بەڕێوەبەر ئەزمونێكي دوردرێژ و بەرفراوانی هەیە و دەرئەنجامی باشیشی بەدەستهێناوە و پۆستی باڵای بەدەستەوەبووە لە بازاڕە داراییەكاندا، لە نێویاندا ئەوەی پەیوەندی بە بازاڕی پەیوەست بە بۆرسەی ئۆسلۆوە هەبێت. بە هەمان شێوە زانیاری چڕ و پڕی هەیە بەهۆی دەستبەكاربوونی لە ژمارەیەكی دەستە و هەیئەتی گرنگدا و جێگری سەرۆكی دەستەی بۆرسەی ئۆسلۆ بوو پێش ئەوەی ئەم دەستەیە لە ساڵای ٢٠٠٤دا جێبهێڵێت. هاراڵد نۆرڤیك، سەرۆكی دەستەی بۆرسەی ئۆسلۆ دەڵێت: بێنته ئەی. لاندسنەس خاوەنی خەسڵەتی شەخسی، ئەزمون و شارەزاییە كە وای لێدەكات كەسێكی گونجاو بێت بۆ سەرۆكایەتیكردنی بۆرسەی ئۆسلۆ. بێنته ئەی. لاندسنەس تەمەنی ٤٨ ساڵە. لە دەزگای BBS دەستی بە كاری پیشەی خۆی كرد ( ئەمە دەزگایەكە بە مانا هەڵسوڕێنەری سیستمی نەزاهەی بانكی نەرویجی دێت) لە ساڵی ١٩٧٧دا. لە ساڵی ١٩٩٢دا بوو بە جێگری سەرۆكی ئەم دەزگایە، كە سەرەتا بەرپرسیارێتی پەیوەندیەكانی نێو بانقەكەی گرتەئەستۆ، دواتر بەرپرسیارێتی كارەكانی پەیوەست بە تەكنەلۆجیا و كاری نێودەوڵەتیەوە گرتەئەستۆ.
لە ساڵی ١٩٩٦دا پەیوەندی بە گروپی شارەبانكەنی NOR كرد و وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دەستبەكاربوو، لە سەرەتادا بەرپرسیاریتی بەڕێوبردنی ئاڵ و گۆڕی دەرەكی، دانەوەی قەرز و مەترسیەكاني وەرگرت. هەروەها وەك بەڕێوبەری گشتی و سەرۆكی بەشی خزمەتگوزاریە نێودەوڵەتیەكان دەستبەكاربوو لە ساڵی ١٩٩٨دا، كە بەرپرسیارێتی تەكنەلۆجیای زانیاری پەیوەست بە سیستمی ئەمنیەوە لەخۆگرتبوو.
هەر لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە بێنته ئەی. لاندسنەس جێگری سەرۆكی گروپی جێبەجێكارە. هەروەها بەرپرسیاربوو لە ئاوێتەكردنی سەركەوتوانەی خزمەتگوزاریەكانی پەیوەست بە مووچە، دانەوەی قەرز و تەكنەلۆجیای زانیاری لە دوای ئاوێتەبوونی DnB جێنسیدج NOR سپرابانكەوە. حاڵی حازر بەرپرسیارە لە پەرەپێدانی بەرهەم و هەڵسوڕاندنی خزمەتگوزاریەكانی پەیوەست بە موچەی ئەو كەسانەی كار لە بواری بەرهەمهێنانەكەدا دەكەن، هەروەها بەرپرسە لە فرۆشتنی ئەم بەرهەمانە بۆ كۆمپانیاكان. بەرپرسیارێتی ئیداری نزیكەی ١،٠٠٠ كارمەندی هەیە. بێنته ئەی. لاندسنەس ژمارەیەك بەرنامەی پەیوەست بە بەڕێوبردن و مەشقپێكردنی تەواوكردووە، لە نێویاندا بەرنامەی پەرەپێدانی بەڕێوبردنی سۆلستراند و بەرنامەی جێبەجێكاری باڵای AFF.

I believe you have already received answers to your questions from Mr. Atle Degré, SVP Legal Affairs and from our Communications department by Guro Steine, but I will send you the answers in writing as well.

The exchange does not have any issues with KRG, and that KRG has not at any time been the subject of investigations by the exchange.

The investigations carried out by Oslo Børs concerning this case have been in respect of DNO

1. The Oslo Bors Board of Directors resolved in June to impose violation charges on DNO International for a breach of the duty to publicly disclose inside information and a breach of the duty to provide information to Oslo Børs (see press release of 18 June 2009: http://www.oslobors.no/ob_eng/Oslo-Boers/About-us/Press-room/Press-releases/The-Board-of-Directors-of-Oslo-Boers-imposes-violation-charges ). DNO appealed the matter to the Stock Exchange appeals Committee. The appeals Committee resolved on 17 September to uphold the resolution of the breach to provide information to Oslo Bors, but put aside the resolution that the information on who was the owner of the shares in DNO was inside information (see resolution by Stock exchange appeals Committee: http://www.oslobors.no/ob_eng/content/download/34314/1208396/file/Stock%20Exchange%20Appeals%20Committee%20-%20Case%204-2009%20-%20DNO%20International%20ASA.pdf and press release of 17 September 2009: http://www.oslobors.no/ob_eng/Oslo-Boers/About-us/Press-room/Press-releases/The-Stock-Exchange-Appeals-Committee-DNO-International-ASA ).
When the Stock Exchange and the Appeals Committee handles matters of breach of Norwegian rules, we have to act according to the Norwegian Public Administration Act and the Freedom of Information Act. These Acts deem that third parties, such as the media, shall be able to look into the casework of the matter. Oslo Bors received a request for this information from a Norwegian newspaper and the newspaper received the protocols from the casework in the Oslo Bors Board of Directors.
2. Oslo Bors only has a relation to DNO International as the company is listed on the Exchange. Oslo Bors does not have any relations with KRG or Dr. Ashti Hawrami. Oslo Bors meet with the Mr. Kahlid Sahlid on 28 September, and after this meeting Oslo Bors sent out this announcement:
Meeting between Oslo Børs and KRG on Monday 28 September
On Monday 28 September, Oslo Børs held a meeting with Khaled Salih, Senior Adviser to the Prime Minister and the Minister of Natural Resources of the Kurdistan Regional Government - KRG. Oslo Børs was represented at the meeting by Bente A. Landsnes, President and Chief Executive Officer, and Atle Degré, Senior Vice President - Legal Affairs.
Khaled Salih explained the unfortunate consequences that what has become known as the “DNO case” has caused for KRG.
Oslo Børs stressed during the meeting that the exchange does not have any issues with KRG, and that KRG has not at any time been the subject of investigations by the exchange.
The investigations carried out by Oslo Børs concerning this case have been in respect of DNO and the company’s duties towards the exchange and the market. For Oslo Børs the case was completed by the decision announced by the Stock Exchange Appeals Committee on 17 September.
Oslo, 28 September 2009
3. Oslo Bors does not have detailed information on how the media work or obtain their information. An explanation on why the media received the protocol from the casework of the DNO-case is given in answer 1.
4. As explained in the above announcement from 28 September, the case was completed from a Oslo Bors view by the announcement by the Stock Exchange Appeals Committee 17 September 2009.
5. Oslo Bors does not engage in the relationship between DNO and the KRG. Oslo Bors’ only matter of interest is that the listed companies fulfill their obligation to the Stock Exchange and the market as a exchange listed company.

/Best regards
Oslo Børs ASA
Bente A. Landsnes
Børsdirektør/President & CEO
Tel: +47 22 34 17 00 Fax: +47 22 33 80 77
E-mai: bal@oslobors.no
www.oslobors.no

Exclusive for Gulan Magazine Iraq- kurdistan

# An exclusive explanation for Gulan magazine Iraq-Kurdistan by Bente A. Landsnes, the president of Oslo Bors (stock exchange)



## The exchange does not have any issues with KRG, and that KRG has not at any time been the subject of investigations by the exchange.

## ئەتڵ دیگری
## جێگری سەرۆکی بۆرسەی ئۆسلۆ بۆ کاروباری یاسایی بۆ گوڵان :



# ئێمە کێشەمان لە کۆمپانیای «DNO» ی خۆمان هەبووە، نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان




گوڵان
ژمارە (٧٥٣)
٢٠٠٩/١٠/١٩

**بەڕێز ئەتڵ دیگری کە ئێستا جێگری سەرۆکی بۆرسەی ئۆسلۆیە بۆ کاروباری یاسایی، لە حکومەتی نەرویژیشدا یەکێکە لە ستافی وەزارەتی دارایی حکومەتی نەرویژ. هەروەها لە کێشەی نێوان کۆمپانیای DNO و بۆرسەی ئۆسلۆش، کە تیایدا ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاتە ناو ناوانەوە، ئەتڵ دیگری لەگەڵ سەرۆکی بۆرسە خاتوو بەنت لاندسنس ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەری سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە وتوێژدا بوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئێمەش لە گۆڤاری گوڵان بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە پەیوەندیمان بە بەڕێز ئەتڵ دیگری کرد و بەڕێزی سەبارەت بە وردەکاریەکانی ئەم باسە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** لە مانگی پێشوودا کێشەیەك لە نێوان بۆرسەی نەرویج و کۆمپانیای دی.ئێن.ئۆدا ڕوویدا، ئەم کێشەیە درێژبۆوەوە تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە، ئایا ئەسڵی ئەم کێشەیە چی بوو. هەروەها تێڕوانینی ئێوە چیە لەسەر ئەم کێشەیە؟**

- کۆمپانیای دی.ئێن.ئۆ پابەندە بە ئاشکراکردنی زانیاریە تایبەتیە هەستیارەکانی، لە ڕوانگەی ئێمەوە فرۆشتنی پشکەکانی ئەم کۆمپانیایە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەهۆی گفتوگۆ و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەڕێز هەورامیدا بە زانیاری هەستیار لەقەڵەم دەدرێت و دەبێت ئاشکرابکرێن، بەڵام کۆمپانیای DNO ئاشکرایان نەکرد، ئەمە پەیوەندی ئێمەیە بە کێشەکەوە.

*** ئەی بۆرسەی نەرویج هیچ کێشەیەکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و د.ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکانی ئەم حکومەتەدا هەیە؟**

- بۆرسەی ئۆسلۆ هیچ پەیوەندیەك یان بە هیچ شێوەیەك کێشەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان یان بەڕێز ئاشتی هەورامیدا نیە، کێشەی ئێمە لەگەڵ دی.ئێن.ئۆدا بوو و ئێستا ئەو کێشەیەش لە لای ئێمەوە کۆتایی هاتووە.

*** بۆچی ڕاگەیاندنی ئۆسلۆ موبالەغەشی لە کێشەکەدا کرد و زانیاری هەڵەی بڵاوکردەوە، ئایا سەرچاوەی ئەم زانیاریە هەڵانە چی بوون؟**

- بۆرسەی ئۆسلۆ ئەو زانیاریانەی بڵاوکردەوە کە ئێمە هەمانبوو دەربارەی سەفقەکان، دی.ئێن.ئۆ نکۆڵیکرد لەوەی هیچ زانیاریەکی هەبێت دەربارەی ئەوەی د. ئاشتی هەورامی تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە. تەنها زانیاریەك هەمانبوو ئەوەبوو کە د. ئاشتی گفتوگۆی دەکرد لە بارەی کڕینی پشکەکان و بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەفتاری دەکرد، ئەمە ئەو زانیاریانە بوو ئێمە هەمانبوو. کەواتە نەبوونی زانیاری تەواو لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە بووە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنەکان خەملاندن بکەن لەبارەی ئەوەی ئایا د. ئاشتی تەنها بۆ حسابی خۆی ئەم کارەی کردووە، یان بۆ حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود لایەنی سێیەم هەبووە لە مەسەلەکەدا هەروەك ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرا، واتە نەبوونی زانیاری تەواوبوو ڕاگەیاندنەکان خەملاندن بکەن و مانشێتی گەورە بڵاوبکەنەوە.

*** ئایا کێشەکە بە کوێ گەیشتووە؟ ئایا چارەسەربووە یان بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە؟ ئایا پەیوەنجی بۆرسەی ئۆسلۆ و دی.ئێن.ئۆ بە کوێ گەیشتووە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت ئەوا مەسەلەکە پەیوەست بوو بە دیسپلینەوە کاتێك ڕێو و شوێنی پێویست لەم ڕووەوە وەرگیرا ئێمە ڕەزامەندیمان دا لەسەری و بە نیسبەت ئێمەوە کێشەکە بەمە کۆتای هاتووە. ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێست و کارەکانی دی.ئێن.ئۆوە هەبێت ئەوا دەبێت پرسیار لە خۆیان بکەن، ئێمە پەیوەندیمان سروشتی بۆتەوە لەگەڵیاندا.

*** ئایا ئەمە نایێتەهۆی دروستبونی هیچ گۆڕانکاریەك لە پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەوریجدا، یان حکومەتی هەرێم و بۆرسەی نەرویجدا؟**

- ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەبووە، پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمپانیاکەی خۆماندا هەبوو و ئەرکی ئەوەمان لە ئەستۆبووە کە بەرژەوەندی وەبەرهێنەرەکانی خۆمان بپارێزین لە کۆمپانیاکەدا و هیچ کێشەیەکی چارەسەرنەکراومان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نیە.

*** کۆبونەوەیەك لە نێوان بەڕێزتان وەك جێگری سەرۆکی بۆرسەی ئۆسلۆ بۆ کاروباری یاسایی و د. خالد ساڵح نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و د. ئاشتی هەورامید ئەنجامدرا، ئایا گرنکی ئەو کۆبونەوەیە چی بوو؟**

- د. ئاشتی لەو کۆبونەوەیەدا ئامادەنەبوو، تەنها د. خالید ئامادەبوو، دوای کۆبونەوەکە ڕاگەیەندراوێکمان بڵاوکردەوە، ئێمە هیچ کێشەیەکی چارەسەرنەکراومان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نیە و ڕێ و شوێنی پەیوەست بە دیسپلینکردنەوە لە ئاست کۆمپانیاکەدا گیراوەتەبەر و کێشەکە کۆتایی هاتووە.

بۆرسەی ئۆسلۆ هیچ پەیوەندیەك یان بە هیچ شێوەیەك کێشەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان یان بەڕێز ئاشتی هەورامیدا نیە، کێشەی ئێمە لەگەڵ دی.ئێن.ئۆدا بوو و ئێستا ئەو کێشەیەش لە لای ئێمەوە کۆتایی هاتووە

## گۆرۆ شتاین
## راوێژکاری پەیوەندیەکان لەبۆرسەی ئۆسلۆ بۆ گوڵان:



# حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێک نیە لەم مەسەلەیە ئێمە تەنها پەیوەندیمان بە کۆمپانیای DNO ەوە هەیە



**خاتوو گۆرۆ شتاین راوێژکاری پەیوەندیەکانە لە بۆرسەی ئۆسلۆ و هەر ئەم خانمەش بەحکومی ئیشەکەی لە ناو بۆرسەی ئۆسلۆدا سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بووە کە رۆژنامەکانی نەرویژ لە بۆرسەی ئۆسلۆ وەریانگرتووە، بۆیە لەم لێدوانەیدا خاتوو گۆرۆ هۆکاری پێدانی زانیاری بە رۆژنامەکانی نەرویژ دەگێریتەوە بۆ یاسای پێدانی زانیاری بەمیدیا، بۆیە ئەو بەپێی ئەو یاسایە ناچار بووە ئەو زانیاریانەی لای بووە بیداتە میدیا، هەروەها هۆکارێکی دیکە دەگێرێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمپانیای DNOش ئەو زانیارانەی ئاشکرا نەکردووە کە پێویست بووە ئاشکرای بکات، بۆیە لەم حاڵەتە و بەهۆی زانیاری هەڵەوە ناوی حکومەتی هەرێم کەوتۆتە کێشەی نێوان بۆرسەی ئۆسلۆ و کۆمپانیای DNO، ئەمەش دەقی لێدوانە تایبەتەکەی خاتوو گۆرۆ شتاین راوێژکاری پەیوەندیەکانی بۆرسەی ئۆسلۆیە بۆ گوڵان.**

*** ئایا بۆرسەی نەرویج هیچ کیشەیەکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان یان وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی ئەم حکومەتەدا هەیە؟**

- نەخێر.

*** ئەی کەواتە بۆچی لەم کێشەیەدا ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتە ناو میدیاکانی نەرویژەوە؟**

- کێشەکە لەگەڵ کۆمپانیای دی.ئێن ئۆ بوو،کێشەکەش ئەوەبوو دەبوو کۆمپانیای دی.ئێن.ئۆ کۆمەڵێك زانیاری بڵاو بکاتەوە بەڵام بە ئاشکرا ئەوەی بڵاونەکردبۆوە کە کێ خاوەنی پشکەکانی کۆمپانیاکەیە و بڕیارەکەش ئەوەبوو کە ئەم کۆمپانیایە دەبوو ئەو زانیاریانە بڵاو بکاتەوە، بەڵام ئەم کارەی نەکردبوو و ئێستا کەیسەکە داخراوە.

*** ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە کێشەکە چارەسەرکراوە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبوو کۆمپانیەکە ئەو زانیاریانەی بڵاوبکردایەتەوە کە پەیوەست بوون بە پشکەکانی کۆمپانیاکەوە، بەڵام ئەم کارەی نەکرد.

*** بۆچی ڕاگەیاندنی نەرویژ موبالەغەشی لە کێشەکەدا کرد و زانیاری هەڵەی بڵاوکردەوە، ئایا سەرچاوەی ئەم زانیاریە هەڵانە چی بوون؟**

- بە پێی یاسا ناچارین پابەندبین بە ئازادی زانیاریەوە، واتە کاتێك ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان پرسیارێکمان لێدەکەن و داوای زانیاریمان لێدەکەن دەربارەی هەر مەسەلەیەك ناتوانین زانیاریەکانیان لێ بشارینەوە، ئەمە هۆکارەکە بوو کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێمە زانیاریان لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە بەدەستهێنا.

*** ئایا ئەمە نابێتەهۆی دروستبونی هیچ گۆرانکاریەك لە پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و بۆرسەی نەرویجدا؟ یان بۆرسەی نەرویج و دی.ئێن.ئۆدا؟**

- ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێك نیە لەم مەسەلەیە، ئێمە تەنها پەیوەندیمان بە کۆمپانیای دی.ئێن. ئۆوە هەیە و ڕەنگە زەحمەت بێت بڵێین هیچ گۆڕانکاریەك ڕوودەدات و ئێمە بەردەوام دەبین لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەدا بە چەشنی ڕابردو.

# ئەفغانستان: گۆڕەپانی شەڕێکی یەکلاکەرەوە



**سامی شۆرش**
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە، بە دیقەتتر لە دوای ڕۆژە شوومەکەی ١١ی سێپتەمبەری ئەو ساڵی واشنتۆن و نیویۆرکەوە، ئەفغانستانی کۆنە مەیدانە گەورەکەی شەڕی ناوخۆ، بۆتە گۆڕەپانی شەڕێکی نێودەوڵەتی تیکقرژاوی پان و پۆڕ لە دژی تیرۆری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. لەم ساڵەی دواییدا، مەوداکانی ئەو شەڕە خوێناویە، بەرفراوانیەکی ئێجگار گەورەو ترسناکیان بە خۆوە بینی ئەویش بە هۆی چەند فاکتەرێکی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەوە:

یەکەم، هاتنی سەرۆکی ئەمریکی باراك ئۆباما بۆ کۆشکی سپی لە دوا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، لە کۆتایی ساڵی رابردوودا، وای لە تیرۆریستان و ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی جیهان گەیاند کە ئیتر بەرەی ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاواو تەوژمی دیموکراسی لە جیهاندا خەریکە شەڕی دژە تیرۆر دەدۆڕێنن. بۆیە، تیرۆریستان بڕیاریان دا تا بۆیان بکریت درێژە بە شەڕ بدەن لە دژی دیموکراسی و سەقامگیریی و ئاشتەوایی لە ناوچەکەدا، هەروەها هەوڵی زۆرتر تاو پێ دان و قورستر کردنی بدەن. ئەوەی ئەم بڕیارە ترسناکەی دنە پێ بدا، بانگهێشتەکەی سەرۆك ئۆباما بوو بۆ دایەلۆگ لەگەڵ ئێران و کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە عیراق.

دووەم، ناکۆکیەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا، لەو ماوەیەدا، بە تایبەتی دوای ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠١١، بە شێوەیەکی زۆر ترسناك پەرەی سەند بە تایبەتی لەبواری بەرنامە ئەتۆمیەکانی تاران. لەوەش بەوتر ترسناکیەکە زۆر زۆرتر بوو لە بواری عێراق و لوبنان. ئینجا ئێرانیش لە باری خۆیەوە، لەو ماوەیەدا، بە پیی قسەی ئەمریکیەکان، دەستی کرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی هاوکاری و یارمەتی دانی ڕێکخراوی ئەلقیاعیدەی تیرۆریست. دیارە مەبەستی ئێران لەو سیاسەتە ڕاگرتنی لەنگەری ناکۆکیەکانی خۆی بووە لەگەڵ ئەمریکا. ئەم سیاسەتە وای کرد ئێرانیەکان یارمەتیەکی نهێنیی زۆر پێشکەش بە تیرۆریستانی ئەفغانستان بکەن. بگرە هەندێك ناوەندی ئەمریکی پێیان وایە تاران لە هەماهەنگیەکی نەخشە بۆ کێشراو دایە لەگەڵ ئەلقاعیدە.

سێیەم، ئاڵۆزیە ناوخۆییەکانی پاکستان، بە تایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و پەیوەندیە ناوچەییەکانی ئەو وڵاتە، تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوون بەتایبەتی دوای دەست لە کار کێشانەوەی ژەنەراڵ پەرویز موشەرەف. پاکستان، ئێستا بە هۆی ئاڵۆزییەکانی ناوچە سنوورییەکانی هاوبەشی لەگەڵ ئەفغانستان دووچاری بارودۆخێکی ئاڵۆزکاوی ناوخۆیی گەورە هاتووە.

چوارەم، ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی لە عێراق و هاتنە پێشەوەی دەنگی گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ هەندێك لە ڕێکخراوەکانی تیرۆریستان. وەك مەعلومە عێراق ماوەی شەش ساڵە لە بارێکی ئەمنی و سیاسی زۆر خراپ و ناخۆشدا دەژییت.ئەم بارودۆخە کاری نەك هەر لە ناوخۆی عێراق کردوە، بەڵکو کارێکی زۆریشی لە سیاسەتی دەرەوەو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش کردوە بەتایبەتی لە بواری شەڕی تیرۆردا.

ئەم هۆیانەی سەرەوە، سەرباری چەندین هۆی دیکە، کارێکی وایان کرد کە ئیتر تیرۆر لە ئەفغانستان و پاکستان، بەتایبەتی ئەوەی لە ڕێگەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستەوە ئەنجام دەدرێت، تاویکی گەورەترو ترسناکتر بۆ پیشەوە بهاوێژێت. تەنانەت کار گەیشتۆتە رادەی ئەوەی ئەمریکاو دەوڵەتە ئەندامەکانی هاوپەیمانێتی ناتۆ بیر لە ناردنی هێزی سەربازیی زۆرتر بکەنەوە بۆ ئەفغانستان،

ڕاستە، تیرۆر لە سەر ئاستی جیهانیدا، تا ڕادەیەکی هەست پێکراو پاشەکشەی کردوە. بگرە تیرۆریستان لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا نەیانتوانیوە هیچ جۆرە گورزێکی خوێناویی گەورە لەناوەخۆی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا بوەشێنن لە غەیری چەند کارێکی خوێناوی کە لە ئیسپانیاو بریتانیا ئەنجامیان دا. بەڵام بە پێچەوانەوە لە عێراق و ئەفغانستان شەڕەکە تا دێت گەرمتر دەبێت.

بە هەر حاڵ، شەڕی ئەفغانستان تا دێت بەربڵاوترو خەتەرناکتر دەبێت و پریشکەکانی ئەملاو ئەولا زۆرتر دەگرێتەوە. لە لایەك، نەك تەنیا بزووتنەوەی تاڵیبان لە ناو ئەفغانستان پەرەی سەندوە، بگرە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیش، تا ڕادەیەکی بەرچاو، خۆی گرتۆتەوە کەوتۆتە چالاکی نواندن لە ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنووری لە شارە گەورەکانی وەکو کابول و قەندەهار. ئینجا چالاکیە چەکداریەکانی نەك تەنیا لە ناو خاکی ئەفغانستان، بگرە لە ناو خاکی پاکستانیشدا تا ڕادەیکی ترسناك

پەرەیان سەندوە. تەنانەت لەم دواییەدا، کار گەیشتۆتە ئەوەی لە ناو ئیسلام ئابادی پایتەخت و شاری پیشاوەریشدا چەندین کردەوەی تیرۆریستیی و خوێناوی لەلایەن بزووتنەوەی تاڵیبانی پاکستانەوە ئەنجام بدرێت. ئێستا بارودۆخی پاکستان لەبواری روو بە بوونەوەی تاڵیبان گەیشتۆتە ئاستێکی ئەوتۆ کە تەواوی چارەنووسی دەوڵەت و کۆمەڵگای پاکستان لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدایە. ئەمریکا بە شێوەیەکی ناڕاستوخۆ بەشداری ئەو شەڕە دەکات.

بێگومان، شەڕە خوێناویەکەی ئەفغانستان لەگەڵ ئەوەی لە عێراق روو دەدا جیاوازیەکی زۆری هەیە. لە شەڕی عێراق، دەوڵەتانی جیهان، بە تایبەتی دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە، هەڵوێستی ناکۆکیان هەبوو. هەندێك لەوانە لەگەڵ بەشداری کردنی شەڕەکە بوون، بەلام هەندێکی دیکە رەتی شەڕەکەیان دەکردەوەو بەشداریان تێدا نەکرد. بگرە تا ئێستاش خوازیاری ئەوەن ئەمریکا تا زووە لە خاکی عێراق بکشێتەوە. بەڵام لە بەرەی شەڕی ئەفغانستاندا، هەموو لایەك، تا رادەیەکی زۆر، کۆك و یەك هەڵوێستن و پێیان وایە شەڕ شەڕی دژە تیرۆرەو بزووتنەوەی تاڵیبان و رێکخراوی ئەلقاعیدە مەترسییەکی گەورەن بۆ سەر سەقامگیری و ئاشتی و ئارامی لە جیهاندا. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێی وایە، تیرۆر لە ئەفغانستاندا هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتییەو دەبێت بە هەموو لایەك و بە هاوکاری و هەماهەنگی دەوڵەت و هێزە دیموکراسیەکان لە جیهاندا، هەوڵی شکست پێ هێنانی تاڵیبان و ئەلقاعیدە بدرێت.

ئەوەی راستی بێت، کاتێك سەرۆك ئۆباما گەیشتە کۆشکی سپی، لە سەرەتای ئەمساڵدا، دەنگۆی ئەوەی بلاو کردەوە کە پێویستە بە گفتوگۆو دایەلۆگی سیاسی کێشەکانی عێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی جیهان چارەسەر بکرێن. لە هەمان کاتدا ئەوەی راگەیاند کە کار بۆ ئەوە دەکات هێزە سەربازیەکانی وڵاتەکەی خۆی بە پێی بەرنامەیەکی بە پەلە لە عێراق بکێشێتەوە بۆ ئەوەی ئیتر بە شێوەیەکی توندو یەکلاکەرەوە، شکست بە ئەلقاعدەو تاڵیبان بهێنێت لە ئەفغانستان. تا ئەو کاتە، هیچ دەنگۆیەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم بانگهێشتەی ئۆباما. بەڵام دواتر، لە ناو ئەمریکاو دەرەوەیدا، دوو جۆرە دەنگۆ دروست بوون:

یەکەم، دەنگۆی ناو ئەمریکا کە داواکاری ئەوە بوو دەوڵەتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتی ناتۆ، پێ بە پێی ئەمریکا، هێزی سەربازی تازەو زۆرتر بنێرنە ئەفغانستان و کاری شەڕەکە تەنیا بۆ هێزەکانی ئەمریکا بە جێ نەهێڵن. دووەم، دەنگۆی دەرەوەی ئەمریکا کە زۆرتر بانگی بۆ ئەوە هەڵدەدا کە دەبێت واشنتۆن و ناتۆ هەتا زووە دەست لە ئەفغانستان هەڵبگرن و هێزەکانی خۆیان لەو وڵاتە بکشێنەوەو بهێڵن هێزە سیاسیەکانی ئەو وڵاتە خۆیان لە رێگەی دایەلۆگ سیاسیەوە کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن. ئەوەی راستی بێت حامید کەرزای سەرۆکی ئەفغانستان چەند بانگەوازێکی لەم پیناوەدا بڵاو کردەوە.

ئیدارەی ئۆباما ئەم بانگەی پێ باش نەبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵی نەدا هیچ رێگریەك لەوە بکات کە حکومەتی ئەفغانستان باس لە ئەگەری ئاشتی و دایەلۆگ لەگەڵ تاڵیبان و عەشایری ناوچەکە بکات. لەو قۆناغەدا واشنتۆن مەترسیە گەورەکەی لە تاوسەندنی تالیبانی پاکستان بوو چونکە وەك دەزانین پاکستان یەك لە دەوڵەتە ئەتۆمیەکانی جیهانەو هەمیشە مەترسی ئەوە لە گۆڕی دایە کە تیرۆریستان بتوانن دەست بگەیەننە توانا ئەتۆمیەکەی پاکستان.

لە راستیدا، ئەفغانستان دەوڵەتێکی جومگەییە بە تایبەتی لە بواری ستراتیچی و جوگرافیدا. دەرگا سەرەکیەکەی بەسترانەوەی دەوڵەتانی ئاسیایە بە یکتری. هەڵکەوتەیەکی گرنگی هەیە بەسەر رووسیاو چەندین دەوڵەتی ئاسیایی. لە لای دیکەوە سنوورێکی هاوبەشی درێژی لەگەڵ ئێران هەیە. ئینجا بەسترانەوەیەکی جوگرافی و دیموگرافی توندی لەگەڵ پاکستان هەیە. هەمیشە رووسیا ئەفغانستانی بە دەرگای خۆی زانیوە بۆ گەیشتن بە ناوچەی کەنداوو نەوتەکەی. سامانێکی سروشتی زۆری تێدایە بە تایبەتی لە بواری کانگای سروشتی دا. بۆیە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمریکا بە لایەنەوە گرنگە ئەم دەوڵەتە بگاتە رۆژگاری سەقامگیری و گەشە کردنی دیموکراسی خۆی. بەڵام لەو بەرامبەرەدا، ئەلقاعیدەو تاڵیبان بە کەلك وەرگرتن لە بارودۆخە ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریەکەی، کردویانەتە بنکە سەرەکیەکەی خۆیان. تەنانەت لەوێوە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانیش دەکەن.

بگرە، ئەگەر بۆیان بکرێت، لە ئەفغانستانەوە هەلومەرجی ناوخۆی تاجیکستان و ئۆزبەکستان و تەواوی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستیش تێك دەدەن دوای ئەوەی لە پاکستان توانیان ئەم کارە بکەن. هەروەها دەتوانن رێگە لەبەردەم ئیران خۆش بکەن بۆ ئەوەی زۆرتر دەست لە کاروباری ناوچەکە وەربدات

لەبەر ئەو هەموو هۆیانەی سەرەوە، ئەفغانستان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بۆتە گۆڕەپانێکی زۆر گرنگی شەڕی دژە تیرۆر لە جیهاندا. چۆنیەتی گەشە کردنی رووداوەکانی ئەم وڵاتە تا رادەیەکی زۆر دواڕۆژی سەقامگیری و ئاشتەوایی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەست نیشان دەکات. دوور نیە بارودۆخی ناوخۆی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بەسترابنەوە بە چۆنیەتی رووگەی شەڕ لە ئەفغانستاندا.

بە هەر حال، شەڕی تیرۆرو توندوتیژی لە عێراق دا، تا رادەیەکی ئێجگار زۆر، چارەنووسە سیاسیەکەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆرج بوش — ی دەست نیشان کرد. بگرە ئەو چارەنووسەی رووبەڕووی دۆڕاندنێکی گەورەی سیاسیش کرد. پێ دەچێت، شەڕی ئەفغانستانیش لە باری خۆیەوە هەمان ئەو رۆڵە لە بەرامبەر چارەنووسی سیاسیی سەرۆك ئۆباما بگێڕێت. جا، تا چەند ئۆباما دەتوانێت رووگەی شەڕە یەکلاکەرەوەکەی ئەفغانستان بگۆڕێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هێشتا زۆر زووە.

**هەندێک ناوەندی ئەمریکی پێیان وایە تاران لە هەماهەنگیەکی نەخشە بۆ کێشراو دایە لەگەڵ ئەلقاعیدە**

**لەبەر ئەو هەموو هۆیانەی سەرەوە، ئەفغانستان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بۆتە گۆڕەپانێکی زۆر گرنگی شەڕی دژە تیرۆر لە جیهاندا. چۆنیەتی گەشە کردنی رووداوەکانی ئەم وڵاتە تا رادەیەکی زۆر دواڕۆژی سەقامگیری و ئاشتەوایی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەست نیشان دەکات**

کاتێك باســی تەنگژەی سیاســی لە کۆمەڵگە دەکەیــن لەوانەیە ئەو تەنگژەیەی رووبــەڕووی زۆربەی زۆری حزبە سیاسیەکانی ئەمریکای لاتینی دەبێتەوە، نموونەیەکی باش بێت، بۆئەوەی وەك دەروازەیەك هۆکاری بێ متمانەیی نێوان حزبە سیاسیەکان و هاوڵاتیانی لێ شرۆڤە بکەین، سەبارەت بەم پرسە گرنگە، پرۆفیسۆر جنیفەر هۆران ئوستادی زانستی سیاسیەت لەزانکۆی نۆرس کارۆلینا تایبەت بەم راپۆرتە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.



# بێ متمانەیی نێوان خەڵک و حزبە سیاسییەکان

## دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی وەک نموونە

## جنیفەر هۆران:

# گەندەڵی حزبە سیاسیەکان بۆتە هۆکاری ئەوەی فەنزویلا وەک وڵاتێکی هەژار دەربکەوێت

وڵاتانی ئەمەریکای لاتین وەك گروپێك ئاستێکی نزمی متمانەیان هەیە بەدامەزراوە سیاسیەکانیان. بەشێوەیەکی گشتی ئەمە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە. یەکەم، نوخبە سیاسیەکان هەر لەسەردەمی پێش سەرهەڵدانی دیموکراسی لەم وڵاتانەدا و لەدوای قۆناخی ئینتیقالی بەرەو دیموکراسیش گەمەکارێکی گرنگ بوونە لەژیانی سیاسیدا. بەگوزارشتێکی دیکە، هەمان ئەو خەڵکانەی نوێنەرایەتی هەمان بەرژەوەندیان دەکرد و بەشداریان کرد لەفۆرمە شمولیەکاندا، ئێستا باڵادەستن بەسەر پرۆسە سیاسیەکەوە. دووەم، ئەو کەسایەتیانەی هەوڵی پێکهێنانی پارتە سیاسیەکان دەدەن، هەمو دەسەڵاتەکان دەخەنە ژێردەستی خۆیانەوە، یاخود بەسەر پارتەکەدا باڵادەست دەبن و بەدرێژایی کات بەکاریدەهێنن بۆ دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیە سیاسیەکانیان و بەشێوەیەکی سیستماتیکی شکستدەهێنن لەئەنجامدانی هەر کارێك بەئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندیە بەرفراوانەکانی نەتەوەکەیان. ئەم حاڵەتەش پارتە سیاسیەکان دەکاتە ئامرازێك بەدەستی نوخبەکانەوە بۆ مانەوەیان لەدەسەڵاتدا لەبری ئەوەی ببنە ڕێکخراوگەلێك بۆئەوەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیان بکەن. هاوڵاتیان لەم ڕاستیە تێدەگەن و نائاسودەن بەوەڵامنەدانەوەی خواست و داواکاریەکانیان. هەروەها هاوڵاتیان نائاسودەن بەو بەرەوپێشچوونەی بەرپرسە هەڵبژێردراوەکانی پارتە سیاسییەکان بەدیانهێناوە لەبواری بەرەنگاربوونەی گەندەڵی سیاسی، چەسپاندنی سەروەری یاسا و گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەی کە دەبنەهۆی بەرەوپێشبردنی وڵاتەکانیان بەئاڕاستەی گەشەکردنێکی سەقامگیری سیاسی و ئابووری)).

### سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیزم وەك هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان

سەبارەت بەسەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیزمیش وەك هۆکارێك بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ڕۆڵی حزبە سیاسیەکان، پرۆفیسۆر جینیفەر گووتی : «سەرکردە پۆپۆلیستیەکانی وەك هۆگۆ شافێز لەفەنزویلا، ڕافائیل کۆرێیا لەئیکوادۆر و ئیڤا مۆراڵیس وەك نوخبەیەکی نوێ دەرکەوتن کە چوارچێوەی پارتە سیاسیەکانیان ڕەتکردەوە، لەبەرئەوەی پێیانوابوو تا ڕاددەیەکی گەورە دووچاری گەندەڵی هاتوون لەلایەن ئەو سیاسەتمەدارانەی خوازیاری هێشتنەوەی بارودۆخی پێش سەرهەڵدانی قۆناخی ئینتیقالین کە بارودۆخێکی نادیموکراسی بوو. ئەوان هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتیاندا، ئەوانەی مافی نوێیان بەدەستهێنابوو، ئەوانەی ناڕازیبوون لەشکستی ئەو نوخبانەی پێیاندەگوترا نوخبە «دیموکراتی»ییەکان و ئەوانەی باوەڕیانوابوو کە ئەو بەرەوپێشچوونە سیاسی و ئابووریەی لەدوای پرۆسەی بەدیموکراتیکردنەوە دروستبووە بەس نییە. زۆر گرنگە سەرنج لەو ڕاستیە بدەین کە هاوڵاتیان تەنها لەبەرئەوە نائاسودەنین کە وڵاتەکانیان وەك وڵاتگەلێکی هەژار ماونەتەوە، بەڵکو لەبەرئەوە ناڕازین کە هێشتا حکومەتەکانیان گەندەڵە و هێشتا عەدالەتێکی تا دوا ڕاددە سنوردار لەئارادایە.ئەمانە کێشەگەلێکی سیاسی سەرەکین کە دەرئەنجامی سلبی دەبێت لەسەر گەشەکردنی ئابووری. بۆ نموونە، حکومەتی فەنزویلا یەکێك لە دە گەورە وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لەجیهاندا- لەساڵی ٢٠٠٧دا لەلایەن وڵاتەکەی منەوە بەحەوتەمین گەورە وڵاتی هەناردەکاری

**وڵاتانی ئەمەریکای لاتین وەک گروپێک ئاستێکی نزمی متمانەیان هەیە بەدامەزراوە سیاسیەکانیان**





## جنیفەر هۆران:



## داڤید سامۆیل:

حكومەتی فەنزویلا یەكێك لە دە گەورە وڵاتانی هەناردەكاری نەوت لەجیهاندا- لەساڵی ٢٠٠٧دا لەلایەن وڵاتەكەی منەوە بەحەوتەمین گەورە وڵاتی هەناردەكاری نەوت دانرا- بەڵام وەك یەكێك لەوڵاتە هەژارەكانی ئەمەریكای لاتین ماوەتەوە

نــەوت دانرا- بــەڵام وەك یەكێك لەوڵاتە هەژارەكانی ئەمەریكای لاتین ماوەتەوە. هاوڵاتیان مافی خۆیانە پرسـیاری ئەوە بكەن بۆچی كەئەمــە بارودۆخەكە بوو، كەچی خەڵكی پشــتگیریان لەپاڵێوراوە سیاسـیەكە كرد (هەڵبژاردنی شــافێز لە ســاڵی ١٩٩٨دا) كە بەشـێوەیەكی قەناعەتپێهێنەر ئەوەی خستەڕوو دەتوانێت هەلومەرجەكــە لەبەرژەوەنــدی ئــەوان بگۆڕێت».

### گەندەڵی و دەركەوتنی پۆپۆلیزم سیمای بێ متمانیە خەڵكە بەحزبە سیاسییەكان

لەو بۆچوونەی جنیفەر هۆرن، كە یەكێكە لەهاوڵاتیانــی بەرەگــەز فەنزویلایــی هۆكاری سەرەكی نەمانی متمانە لەنێوان حزبە سیاسییەكان و خەڵك دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێــك كە گرنگترینیان بریتین یە لە:

١- حزبــە سیاســییەكان لەكاندیــدی پاڵێوراوەكانیان ســەركەوتوو نەبوون، ئەو پاڵێوراوانەی كە بۆ پۆســتە گشتیەكان دەستنیشــانیانكردوون نەیانتوانیــوە نوێنەرایەتی خەڵك بكەن.

٢- ئــەم فاكتــەرە كە ماكــی دیكەی خراپ بــەدوای خۆیــدا دەهێنێت، وەك ســەرهەڵدانی دیــاردەی گەندەڵــی و بڵاوبوونەوەی هــەژاری، ئەمە وادەكات هاوڵاتیان متمانەیان بەسیستەمە سیاسیەكە نەمێنێت.

٣- لــەم حاڵەتەدا كــە دەبێتە فاكتەری ســەرەكی بێ متمانەیی ئــەم حاڵەتەدا بۆشایەك دروســتدەكات بۆ سەرهەڵدانی دیــاردەی ســەركردە پۆپۆلیســتەكان، پۆپۆلیستەكان لەو بۆشــاییە سوودمەند دەبــن و بەڵێنی گــەورە بەخەڵك دەدەن، بۆیە لەهەڵبژاردنەكاندا هاوڵاتیان دەنگیان پێــدەدەن، هەروەك چۆن هۆگۆ شــافێز سەركردەی پۆپۆلیستی لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٧ زۆربەی دەنگەكانی هێنا.

بــەڵام پرۆفیســۆر داڤید ســامۆیل كە ئوســتادی زانستی سیاسیەتە لەزانكۆی مینۆسۆتا و لەلێدوانێكی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان بــۆ چونێكی دیكەی هەیە.

**داڤید سامۆیل:**

## نەبوونی پەیوەندی لەنێوان نوخبەی دەسەڵات و جەماوەر هۆكارێكی دیكەی بێ متمانەییە

«وەڵامێكــی ئاســان لەئارادانییە بۆ پرســیارەكەتان. مــن دەڵێــم هۆكاری بەدگومانی خەڵك لەپارتە سیاســیەكان لەوڵاتانی ئەمریكای لاتیندا، تێوەگلانی دەزگای ســەربازی لەژیانی سیاسی لەخۆدەگرێت، ئەمەش بەمانای نەبوونی ئەزموونێكی دووردورێژی دیموكراسی دێت لەزۆرێك لــەم وڵاتانەدا، هەروەها نەبوونــی پەیوەندیەكی پتــەو لەنێوان نوخبە و جەماوەردا كــە ئەم پەیوەندیە لەئەزموونی پارتە سیاسییەكانی وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریــكا و ئەوروپادا بوونی هەیە «بەهەمان شێوە لەوڵاتانی دیكــەی وەك باشــوری ئەفریقیادا». ئەو كاتە پارتە سیاســیەكان وەك ئامراز و هۆكارێــك بــۆ نوێنەرایەتیكردنــی خەڵــك لەوپــەڕی بەهێزیــدا دەبن كە ڕەگوریشــەیان لەناخــی جەمــاوەر و تاكەكەسەكاندا هەبێت. بیر لەئینتیمای ئیتنی یان ئاینی بكەرەوە-ئەمانە لەناخ و دڵــی خەڵكدا ڕەگوریشــەیان هەیە. لەڕووی میســالیەوە، پارتایەتی-بریتیە لەئایدۆلۆژیــا، ئایدۆلۆجیــاش بریتیە لەكۆمەڵە بیروباوەڕێك دەربارەی ئەوەی جیهــان چۆنــە و دەبێت چــۆن بێت. لەئەمەریكای لاتیندا، پارتگەلێكی كەم پەرەیان بەرێگوریشەیەكی لەم چەشنەدا لەكۆمەڵگەدا. لەبری ئەمە، پارتەكان لەلایــەن ســەركردە «گەورە»كانەوە دامەزرێنران و ڕێكخران، ئەو سەركردە پۆپۆلیستیەی كە دەسەڵاتێكی كاریزمی هەبوو. لەبەرئەوەی وڵاتانی ئەمەریكای لاتین بەچەشــنی زۆرێــك لەوڵاتانی



## مایکل گۆیچ:



## سکۆت مۆرگسترن:

دیکەی جیهان لەڕووی ئیتنی، ئاینی و ناوچەییەوە دابەشنەبوونە، ئەوا پارتە سیاسییەکان لەسەر ئەم بنەمایانە (ئیتنی، ئاینی، ناوچەیی) دروستنابن. ئەم پارتانە لەڕووی مێژووییەوە وەك نوخبەگەلێکی ڕکابەر سەریانهەڵداوە- تەنها لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا پارتە چەپڕەوەکان دروستبوون بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم نوخبانە (ئەم پارتە چەپڕەوانەش بە شێوەیەکی دڵڕەقانە سەرکوتکران). لەم ڕوانگەیەوە پۆپۆلیزم دەرکەوت لەبەرئەوەی ئایدۆلۆژیایەکی «ئاسان» بوو، ئایدۆلۆژیایەك کە هەژارەکان دەتوانن تەبەنی بکەن، هەروەها لەبەرئەوەی هەموو شت لەخۆدەگرێت. ناسیۆنالیزم لەخۆدەگرێت (کێ بەرهەڵستی ناسیۆنالیزم دەکات؟)، دانانی هێزە دەرەکیەکان بەسەرچاوەی کێشەکان (بەتایبەتی ئەمەریکیەکان)، لەگەڵ بەدەستهێنانی داهاتدا بەشێوەیەکی ئاسان (کێ بەرهەڵستی بەدەستهێنانی پارەیەکی ئاسان دەکات؟ تەنها بەڕێوەبەرانی بانك!).»

ئەم بیرۆ بۆچوونە جیاوازانە بەرەو ئەوەمان دەبەن کە سیستمی سیاسیی پارتە سیاسیەکانیش هۆکارێکی دیکەن بۆ نەبوونی متمانە لە نێوان جەماوەر و پارتە سیاسیەکاندا.

**سیستمی پارتایەتی شێوازی متمانەی نێوان هاوڵاتیان و پارتە سیاسییەکان دیاری دەکات**

لەبەرئەوەی پارتە سیاسیەکان لەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی فراواندا دەبنە دڵی ئەو کێشە سیاسیە بۆیە کە ئەو دڵە نەخۆش کەوت یان وەك پێویست کارەکانی خۆی ڕانەپەڕاند دەبینین، تێکڕای پرۆسە سیاسیەکە وەك نەخۆش دێتە بەرچاو، سەبارەت بەم لایەنە کە بەشێکی لەسیستمی پارتە سیاسیەکاندا خۆی دەبینێتەوە، پرۆفیسۆر مایکڵ کۆیج ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی نوتەر داما، بەمجۆرە سەبارەت بەسیستمی پارتە سیاسیەکان و کاریگەری لەسەر بێ متمانەیی بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

### مایکل گۆپچ:

## حزبی سیایی توانای خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی نوێ بەرەو پووکانەوە دەچێت

سیستمی پارتایەتی لەئەمەریکای لاتیندا لەخەباتێکی سەختدایە بۆ ڕزگاربوون، کە تەنها چەند پارتێکی سیاسی توانیویانە ڕزگاربن. ڕەنگە گونجاوبێت پێی بڵێین «داریۆنیزمی سیاسی» لەبەرئەوەی چەند هاوتەریبەیەك هەیە لەنێوان گەشەکردنی سیستمەکانی پارتایەتی و گەشەکردنی مەخلوقە سروشتیەکاندا. هەم هەڵبژاردنی سروشتی و هەڵبژاردنی دەستکردی پارتە سیاسیەکان لەلایەن دەنگدەرانەوە ململانێ لەخۆدەگرێت لەسەر سەرچاوە سنووردارەکان، جا ململانێیەکە لەسەر بەدەستهێنانی دەنگ بێت یان خۆراك، براوەکانی ئەم ململانێیە گەشەدەکەن (لەڕووی پشتگیری جەماوەری یاخود ژمارەوە) لەکاتێکدا دۆڕاوەکان بەرەو پاشەکەش دەچن و لەکۆتاییدا لەناودەچن. ڕزگاربوانیش دووبارە خۆیان بەرهەمدەهێننەوە بۆ خولێکی دیکەی ململانێ، هەرچەندە ئەوانەی هەندێ توانای نوێگەریان لەخۆیاندا هەیە و بەباشترین شێوە خۆیان لەگەڵ ژینگەکەدا دەگونجێنن هەلی باشتریان هەیە بۆ گەشەکردن و ڕزگاربون لەداهاتوودا.

ئەم تێڕوانینە بۆ پرۆسەکە چوار مەرجی بنەڕەتی دەخاتەڕوو بۆ چۆنیەتی گەشەکردنی پارتەکان و سیستمەکانی پارتایەتی:

(١) بڕی ئەو فشارەی ڕووبەڕووی سیستمە پارتایەتیەکە دەبێتەوە.

(٢)سروشتی فشارەکە، کە ئەوە دەستنیشاندەکات چ خەسڵەتگەلێکی پارتە سیاسیەکان لەبەرژەوەندیانە یان بەزیان دەشکێتەوە بۆیان.

**سیستمی سیاسیی پارتە سیاسیەکانیش هۆکارێکی دیکەن بۆ نەبوونی متمانە لە نێوان جەماوەر و پارتە سیاسیەکاندا**



**سیستمی پارتایەتی لەئەمەریکای لاتیندا لەخەباتێکی سەختدایە بۆ ڕزگاربوون، کە تەنها چەند پارتێکی سیاسی توانیویانە ڕزگاربن. ڕەنگە گونجاوبێت پێی بڵێین «داریۆنیزمی سیاسی» لەبەرئەوەی چەند هاوتەریبەیەک هەیە لەنێوان گەشەکردنی سیستمەکانی پارتایەتی و گەشەکردنی مەخلوقە سروشتیەکاندا**

(٣) لاوازی پارتە سیاسیەکان بۆ ئەم فشارانە.

(٤) توانای پارتە سیاسیەکان بۆ خۆگونجاندنیان بەشێوەیەکی گونجاو.

پارتەکان ڕووبەڕووی فشار دەبنەوە هەر کاتێك ژینگەکەیان ڕووبەڕووی گۆڕانکاری بۆوە، بەچەشنێك ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەریان هەبێت لەسەر ئەولەویەت و بیروباوەڕی دەنگدەران. زۆرێك لەلایەنەکانی ژینگە سیاسیەکەی ئەمەریکای لاتیندا بەڕەوتێکی خێرا گۆڕاون، ئەمەش بۆتەهۆی (هەر وڵاتێك بەڕاددەیەکی جیاواز) گۆڕینی ڕژێم، ڕوودانی پرۆسەی بەشاربوون بەڕەوتێکی خێرا، گەشەکردنی ئابووری، هەڵکشانی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان و تاوانەکانی پەیوەست بەم بوارەوە، هەڵئەوسانێکی بەرزی ئابووری، قوڵبوونەوەی نایەکسانیە کۆمەڵایەتیەکان، تیرۆریزم، شەڕی گەریلایی و لیبراڵیزەبوونی ئابووری. کەواتە هەر پارتێکی سیاسی ڕووبەڕووی تەحەددی دەبێتەوە لەخۆگونجاندنی لەگەڵ ئەم هەلومەرجانەدا، بەو پێیە نابێت جێی سەرسوڕمان بێت کە ئەم ژینگە سەختە هاوکاتە لەگەڵ سیستمە لاوازەکانی پارتایەتی لەئەمەریکای لاتیندا. دەنگدەران بەهەمانشێوە مامەڵە لەگەڵ تێکڕایی پارتەکاندا ناکەن، هەرچۆنێك بێت، لەهەندێ وڵاتاندا دەنگدەران گومان لەناسنامەی پارتەکە ناکەن تەنانەت ئەگەر کردەوە و سیاسەتەکانی ئەو پارتە بوونەهۆی تێکدانی دۆخی ئابووری وڵاتەکە و پاداشتی ئەو پارتە ناکەن ئەگەر هاتوو توانیتی گەشەی ئابووری بهێنێتەدی. لەوڵاتانی دیکەدا، دەنگدەران پاداشتێکی گەورەی ئەو پارتانە دەکەنەوە کە سیاسەتەکانیان دەبێتەهۆی هێنانەدی گەشە و خۆشگوزەرانی و بەپێچەوانەشەوە بەسەختی سزایان دەدەن. لەحاڵەتی یەکەمدا، پارتە سیاسیەکان بناخەیەکی «جێگیر»یان هەیە و لەحاڵەتی دوەمیشدا بناخەیەکی «ناجێگیر یان گۆڕاو»یان هەیە. لەم ڕوانگەیەوە هێزی ناسنامەی هەر پارتێکی سیاسی ڕەنگدانەوەی کاریگەری ئەدای ئابووریە لەسەر دەنگدەر. ئەو قوتابیانەی دیراسەت لەسەر پارتە سیاسیەکانی ئەمەریکای لاتین دەکەن پێیانوایە تا ڕاددەیەك ناسنامە لەزۆرێك لەپارتە گەورەکانی وڵاتانی ئەرژەنتین، چیللی، کۆلۆمبیا، کۆستاریکا، ئۆرگوای و فەنزویلادا بەهێزە، بەڵام تا ڕاددەیەك یاخود تا دوا ڕادده لەوڵاتانی ئیکوادۆر، بەرازیل و بۆلیڤیادا لاوازە. بەهەرحاڵ، مەسەلەی هێزی ناسنامە لەناو پارتە سیاسیەکانی هەمان وڵاتدا جیاوازە و بەدرێژایی کاتیش دەگۆڕێن. بەچاوپۆشین لەوەی بناخەی پارتەکان جێگیر بن یان گۆڕدراو، ئەوا کاریگەری ئەدای ئابووری دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا پارتە سیاسیەکە لەحکومەتدایە یاخود لەبەرەی بەرهەڵستکاریدا. ڕەنگە ئەو پارتانەی لەدەسەڵاتدان ستایش بکرێت بۆ ئەدای باشی ئابووری وڵاتەکە، یاخود ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکرێتەوە کاتێك ئەدایەکی خراپیان دەبێت، بەڵام ناکرێت ئەم کارە لەگەڵ موعارەزەدا بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین ئەو پارتە حکومڕانەی هەڵئاوسانی ئابووری کەمدەکاتەوە گەشەبکات و ئەو پارتە حکومڕانانەش کە دۆخە ئابووریەکە ئاڵۆزتر دەکەن، بەرەو پاشەکشە بچن. کاریگەری ئەم حاڵەتە گەورەتر دەبێت ئەگەر پارتە سیاسیەکان بناخەیەکی ناجێگیریان هەبێت، بەپێچەوانەوەی ئەو پارتانەی بناخەیەکی جێگریان هەیە، بەو پێیە دەبێت مەیل و ئاڕاستەی پارتە حکومڕانەکان ڕوونتر بێت بەبەراورد بەپارتە موعارەزەکان.

کەواتە پارتە سیاسیەکان بەجێگرتنەوەیان یان بەخۆگونجاندنیان دەگۆڕێن. ئەگەر هەر خاڵێکی هاوبەش هەبێت لەنێوان ئەو پارتە سیاسیانەی لەئەمەریکای لاتیندا سەرهەڵدەدەن ئەواباشترە دەستنیشانبکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین بڵێین ئەو پارتە نوێیانەی سەریانهەڵداوە بۆ ئەوەی بەتەواوەتی یان بەشێوەیەکی جوزئی جێی پارتە گەورە دێرینەکان بگرنەوە بە زەرورەت پارتگەلێکی چەپ یان ڕاستڕەون، یاخود پارتگەلێکی بەشەخسیکراون. نموونە بۆ هەر سێ حاڵەتەکە هەیە.

ئەو پارتانەی تازە دروستبونە کاردانەوەن لە دژی پارتە سەرەکیەکان کە ئەم پارتە گەورانەش شکستیانهێناوە لەپرۆسەی خۆگونجاندندا، بەو پێیە ئەم پارتە نوێیانە لەزۆر ڕووەوە پێچەوانەی پارتە کۆنەکانن. هەندێ لەخەسڵەتەکانی پارتە نوێیەکان تا ڕادەیەك گەورە جیاوازن لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، بەو پێیە مەسەلەکە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئەوان جێی چ جۆرە پارتێك دەگرنەوە. سەرهەڵدانی هۆگۆ شافێز کاردانەوەبوو لەدژی خراپ بەکارهێنانی داهاتەکانی نەوت بۆ ماوەی چەندین دەیە، لەگەڵ ئەو گەندەڵیەی لەو کاتەدا لەئارادابوو. بەڵام لەبەرازیلدا، کە زۆرێك لەپارتەکان بەتایبەتی PMDB، پارتگەلێکی نایەکگرتوو بوون، یەکێك لەسەرکەوتوترین پارتە نوێیەکان بریتی بوو لە PT، کە توندترین دیسپلینی هەبوو لەسیستەمەکەدا. لەوڵاتی مەکسیکدا هەردوو پارتی PAN و PRD پابەندبوون بە =دیموکراسیەتی سیاسی و بەشداری خۆبەخشانەوە، بە=پێچەوانەی تەکنیکە شمولیەکانی پارتی PRI وە کە پارتێکی باڵادەستبوو. ڕەنگە حاڵەتی پیرۆ یەکێك بێت لەو حاڵەتانەی کە توندترین کاردانەوەی بەخۆوە بینی، تێیدا فۆجیمۆریس کامبیۆ/نیەڤا مایۆرا دژی میراتی حکومەتەکانی هەردوو پارتی AP و APRA کاردانەوەی وەرگرت و هەوڵیدا هیچ پارتێکی سیاسی پێکنەهێنێت.

### خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ باردۆخی تازە بێ متمانیی کەمدەکاتەوە

هەموو ئەو هۆکارانەی پسپۆرانی سیاسەت بۆ بێ متمانەیی نێوان پارتە سیاسییەکان و جەماوەر ڕیزی دەکەن، خۆی لەوەدا چڕدەکاتە کە حزبەکان لەپرۆسەی خۆنوێکردنەوەدا سەرکەتوو نابن یان ناتوانن بەسەرکەتوویی بڕیار بۆ خۆنوێکردنەوە ببەن، پرۆفیسۆر سکۆت مۆرگستترن ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی پیستبۆرگ لەلیدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم ڕاپۆرتە بەمجۆرە هۆکارەکان دەستنیشان دەکات.

### سکۆت مۆرگستترن:

## هۆکاری دەرکەوتنی پۆپۆلیزم ئەوەیە کە پارتە تەقلیدیەکان لەپرۆسەی خۆنوێکردنەوەدا سەرکەتوونەبوون

بەدیدی من هۆکارەکانی بێ متمانەیی نێوان پارتە سیاسیەکان و خەڵك بەم چەند خاڵە چڕدەکەمەوە:

أ) فەزیحەتەکانی گەندەڵی.

ب) سەرکەوتنی سنووورداری دیموکراسی لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وەك هەژاری و بێکاریدا.

ت) توانای سنووورداری پارتەکان لەدابینکردنی دارایی، وبەرەهێنان و کاری گشتی بۆ لایەنگرەکانیان. لەزۆرێك لەحاڵەتەکاندا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانای سنووورداری دەسەڵاتی یاسادانان.

ث) هێرشکردن بۆ سەر ناکارایی حکومەت لەلایەن سەردکردە و گروپە بەرهەڵستکارەکانەوە.

ج) ئەزموونی مێژوویی لەگەڵ ڕژێمە سەربازیەکاندا، کە زۆربەیان ئۆباڵی سیاسەتە خراپەکانی پەرەپێدانیان دەخستە ئەستۆی یاسادانەرە «ڕێگرەکان».

• تا ڕادەیەك گەورە، پۆپۆلیزمی ئەم دواییە دەگەڕێتەوە بۆ سەرنەکەوتنی پارتە تەقلیدیەکان لەپرۆسەی خۆنوێکردنەوەدا.

• دەتوانرێت هۆکاری خراپی ئەدای ئابووری وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بۆ ئەم لیستە زیاد بکرێت، کە (لەبەشێکیدا) ئۆباڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی پارتە تەقلیدیەکان، ئەوانەی لەساڵانی هەشتاکاندا دەستی پێکرد یاخود سەریانهەڵدا (١٩٨٠S).

### سوود وەرگرتن لەم ئەزموونی ئەمریکای لاتین

دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی «بێجگە لەکوبا» لەوانەیە نەکرێت هەموویان لەیەك بازنەدا پۆلێن بکرێن لەڕووی هەڵسەنگاندنی پارتە سیاسیەکان و سیستمی پارتایەتیەوە، بەڵام هەموو دەوڵەتەکان بەڕێژەی جیاواز ئەم حاڵەتەی تێدا بەدی دەکرێت، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە پرۆسەی دیموکراتی وەك پێویست لەو وڵاتانە گەشە نەکات، ئەم حاڵەتە ئەمریکای لاتین ئاراستەی دیموکراتی بەرەو چارەسەرکردنی گۆڕیوە بۆ ئاراستەی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم کە ئەمە هێندەی دیکە پرۆسەکەی ئاڵۆز کردووە.

دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی «بێجگە لەکوبا» لەوانەیە نەکرێت هەموویان لەیەک بازنەدا پۆلێن بکرێن لەڕووی هەڵسەنگاندنی پارتە سیاسیەکان و سیستمی پارتایەتیەوە







گوڵان
ژمارە (٧٥٣)
٢٠٠٩/١٠/١٩
٣٢

فریاد ڕەواندزی:

**عێراقی نوێ پێویستی بەحکومەتێکی نیشتمانی تەوافقی هەیە**



مەریەم ئەلڕەیس:

**تەوافقی سیاسی بۆ قۆناخی پۆست ئینتقالی کارێکی نەشیاوە**

«هەڵوەشاندنەوەی بنەمای تەوافق ئایندەی عێراق دەخاتە نێو تونێلێکی تاریکەوە»

# لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن ئاسۆکانی بەردەم تەوافق لەعێراقدا تاریکتر دەبێت







ڕێبین ڕەسوڵ:

هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تەوافوق سەرکێشییەکی مەترسیدارە





**چارەنووسی تەوافق لەعێراقدا دەوەستێتە سەر لایەنی سەرکەوتووی هەڵبژاردنی ئایندە لەنێو شیعەکاندا**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، جموجۆڵی هێزە سیاسییەکانیش لەزیادبووندایە، بەشێوەیەك هەر لەئێستاوە ناکۆکی و ململانێ و شەڕێکی سیاسیی توند کەوتۆتە نێوان هەردوو بەرەی زۆرینەی شیعەکان، (لیستی دەوڵەتی قانوون) بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی و (لیستی ئیئتلافی نیشتمانی) بەسەرۆکایەتی عەممار ئەلحەکیم، کە زۆربەی هێزە دیارەکانی شیعە لەگۆڕەپانی عێراق لەخۆدەگرێت، لەوانە ئەنجومەنی باڵا، ڕەوتی سەدر، حزبی دەعوەی لاباڵی ئیبراهیم جەعفەری بەناوی (ڕەوتی چاکسازی).

ئیتلافی نیشتمانی لەلایەن چەند کەسایەتییەکی بەهێزەوە سەرۆکایەتی دەکرێ، لەوانە عادل عەبدولمەهدی و بەیان جەبر لەئەنجومەنی باڵا، لەتەك هەریەك لەئیبراهیم جەعفەری و ئەحمەد چەلەبی ئەندازیاری گۆڕان بەپاڵپشتی ئەمریکا، کە هەریەکێك لەو ناوانە خەون بەپۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراقەوە دەبینن. لەهەوڵی ئەوەشدان لیستی ئەلعێراقیە بەسەرۆکایەتی د. ئەیاد عەلاوی بخزێننە نێو لیستەکەیانەوە، بەڵام ڕەنگە کارێکی دژوار بێت کەسایەتیەکی شیعەی عەلمانی وەك عەلاوی بچێتە نێو لیستێکی تائیفیەوە. لیتسی فەزیلەی ئیسلامیش کە خاوەن پێگە و مەکانەتێکی باشن لەناوچەکانی باشووری عێراق، ڕەنگە وەك لیستێکی سەربەخۆ بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەن. هەرچی لیستی دەوڵەتی یاسایە، بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی لە ٤٠ هێز و لایەنی سیاسیی بچووك پێکدێ.

بەهەمانشێوەی شیعەکان، هێزە سوننیەکانیش بەدەرنین لەناکۆکی و ململانێ، (بەرەی تەوافق)، کە گەورەترین گردبوونەوەی سوننەیە و خاوەنی ٤٤ کورسی و سێیەمین لیستی نێو پەرلەمانی عێراقە، تائێستا ناوی پێکهاتەکانی ڕانەگەینراوە، ئەمەش بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی لەنیسانی ئەمساڵدا لەسەر دانانی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەنێوانیان دروستبوو، چەند پێکهاتەیەکی لێ کشانەوە، لەوانە باڵەکەی خەلەف علەیان و ساڵح موتلەگ و مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان و تاریق هاشمی جێگری سەرۆککۆماری عێراق. هەروەك چۆن حزبی ئیسلامی عێراقیش بووە دوو لەت لەنێوان باڵەکەی ئەیاد سامەرائی سەرۆکی پەرلەمان و تاریق هاشمی، کە ئێستا نفوزی هەریەکەیان بەشێوەیەکی بەرچاو لەناوچەکانی ڕومادی و دیالە و سێگۆشەی سوننەنشین کەمبۆتەوە. هەروەها ئەمجارەیان ماڵی کوردیش بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ناکۆکی تێکەوتووە، دوای ئەوەی هەریەك لەلیستی گۆڕان بەسەرۆکایەتی نەوشێروان مستەفا و لیستی ئیسلامییەکان کە لەیەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی پێکدێت، بڕیاریاندا لەدەرەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا بکەن. لەبەرئەوە ڕەنگە کورد ئەمجارەیان نەتوانێ سوود لەو پەرش و بڵاوبوونەوەی شیعەکان وەربگرێت، چونکە چەندە ئەوان بچووك و پارچە پارچە بن ئەوەندە چانسی کوردیش باشتر دەبێت، هەر بۆیە چاوەڕێ دەکرێ ڕۆژی ٢٠١٠/١/١٦ ببێتە وێستگەیەکی یەکلاکەرەوە لەمێژووی سیاسیی عێراق و شێوازی حوکمی ٤ ساڵی داهاتوو دیاری بکات.

لیستی ئیئتلافی نیشتمانی، کە ئەنجومەنی باڵا گەورەترین پێکهێنەرییەتی، بەپێچەوانەی هەڵوێستەکانی ڕابردووی، لەڕاگەیەنراوی ئەمجارەیاندا پاشەکشەیەکی ئاشکرای لەپرەنسیبی فیدرالیزمی هەرێم و پارێزگاکان تێدا بەدیدەکرێ، لەکاتێکدا پرەنسیبی فیدرالیزم، لەڕابردوودا یەکێك بوو لەو پرۆژانەی لەئەنجومەنی باڵادا بەسەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز ئەلحەکیم پشتیوانیەکی گەورەی لێدەکرا، ئەمەش هەڵگری ئەو هەقیقەتەیە، کە ئەنجومەنی باڵا لەنێو هاوپەیمانەکانیدا نەیتوانی کۆمەك و پاڵپشتی بۆ ئەم پرۆژەیە پەیدابکات، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێدا پرۆژەی فیدرالیزمی باشوور (بەسرە) و فورات و ناوەڕاست، کە دەستوور سەلماندوویەتی، بەیەکجاری زیندەبەچاڵ بکرێ و هەرێمی کوردستان وەك «هەرێمێکی تاقانە» لەعێراقدا بمێنێتەوە.

دیارترین و سەرنجڕاکێشترین خاڵی ڕاگەیەنراوەکەی لیستی دەوڵەتی قانوونیش، بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی



پارێزگاکان ئەوەبوو، دروشمی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان لەڕێگەی هەموارکردن و پێداچوونەوەی دەستوور و پرسی بەهێزکردنی دەوڵەتی مەرکەزی پانتاییەکی ئەوتۆی نەگرتبوو، کە خاڵی سەرەکی دروستبوونی بارگرژی و ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدابوو. مالیکی ئەمجارەیان راشیگەیاند کە لیستەکەیان پشتیوانی لەکاری ئیدارەناوخۆییەکان دەکات بەگوێرەی دەستوور، بەڵام جەختی لەسەر سەروەری دەوڵەت و دارشتنی سیاسەتی دەرەکی و ئیدارەی سامانە سروشتییەکان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی کردەوە. هەروەك سیستمی سەرۆکایەتی لەسیستمی پەرلەمانی بەسیستمێکی باشتر و سەرکەتووتر زانی بۆ بارودۆخی عێراق و، رەخنەشی لەپرەنسیبی «دیموکراسیەتی تەوافقی» گرت و بەسەرچاوەی ئاڵۆزییەکانی عێراقی دانا، راشیگەیاند کە لەمەودوا کار بەئیستحقاقی هەڵبژاردن دەکرێ و هەر هێزێك زۆرینە بهێنێت ئەوا ئەو هێزە حوکمڕانی عێراق دەکات.

نوری مالیکی دڵنیایە لەوەی هەمان سیناریۆی هەڵبژاردنی پارێزگان دووبارە دەکاتەوە و زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت، هیچ کاتێکیش مەیلی خۆی نەشاردۆتەوە بۆ گەڕانەوەی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز، بۆیە بەشێوەیەکی لەخۆباییانە و زۆر بێباکانە مەرجی بۆ جەعفەری و حەکیم دانا و لەبەرامبەر بەشداریکردنیان داوای پۆستی سەرەکوەزیران و (٥٠+١)ی کورسییە بەدەستهاتووەکانی کرد.

چاودێران پێیانوایە، ئەو تێڕوانینەی مایلکی پرۆسەی سیاسیی بەئاکامێك دەگەیەنێ کە لەبنەماکانی سیستمی تەوافق دووری دەخاتەوە. هەر بۆیە چارەنووسی تەوافق لەعێراقدا دەوەستێتە سەر لایەنی سەرکەوتووی هەڵبژاردنی ئایندە. لەبەرئەوە لەداهاتوودا هەر یەکێك لە لیستی دەوڵەتی یاسا و لیستی ئیئتلافی نیشتمانی بتوانێ جڵەوی حوکم وەربگرێ و حکومەت پێکبهێنن، ئەوکاتە سیستمی تەوافق ئەو گوڕوتینەی نامێنێ کە رێگا لەخواستی ئەم لایەنانە بگرێت و هێشتا روانگەی ئەوانیش هێندە روون و ئاشکرا نییە چاوەڕێی ئەوەیان لێبکەین حکومەتێکی نیشتمانی بنکەفراوان دروستبکەن.

## «تەوافق گونجاوترین سیستمە بۆ عێراق»

لەدوای ٢٠٠٣ ەوە سیاسەتی تەوافقی نیشتمانی لەعێراقدا تائاستێکی باش توانی تێنیویەتی سیستمی سیاسی لەعێراقدا بشکێنێ بۆ هێنانەکایەی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی، جوانترین نموونەی ئەم تەوافقەش پێکەوەژیانەی ئاشتیانەی زۆربەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی گۆڕەپانی عێراقە.

سەبارەت بەو لێدوانەی نوری مالیکی پەیوەست بەهەڵوەشاندنەوەی سیستمی تەوافقی، پەرلەمانتار فریاد رەواندزی بۆ گوڵان رایگەیاند، ئەگەرچی دەستووری عێراق هیچ بڕگەیەکی لەبارەی تەوافق تێدا نییە، بەڵام خودی دەستوورەکە خۆی ڕەنگدانەوەی تەوافقە، «بەتەجرەبەش ئەو راستییە سەلمێنراوە کە تەوافق باشترین و گونجاوترین سیستمە بۆ عێراق. هەر لەکارەکانی سەرۆکایەتی کۆمارەوە بگرە تا دەگاتە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان، کە دەسەڵاتەکانی لەنێوان شیعە، سوننە و کورد بەشێوەی لامەرکەزیی دابەشکراوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین هەندێ لایەنی عەرەبی سوننەش لەچەند ساڵی رابردوودا کێشەی گەورەیان بۆ سیستمی تەوافق دروستکردووە، قاچێکیان لەنێو حکومەت بوو و قاچێکی دیکەیان لەنێو ئۆپۆزسیۆندابوو. هەرچۆنێك بێت، بۆ ئەم قۆناخە سیاسییە هەستیارە عێراق پێویستی بەحکومەتێکی تەوافقی نیشتمانی و بنکەفراوان هەیە، بۆیە مالیکی یاری بەکارتێکی دۆڕاو دەکات و هەڵەیەکی سیاسی کوشندە دەکات ئەگەر ئەگەر سیستمی تەوافق لابدات، چونکە ئەم بانگەشەیە زەنگێکی ترسناکە بۆ داهاتووی پێکەوەژیانەی ئاشتیانە لەعێراق و پەیوەندی دەستووری نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی».

هەندێ لەچاودێران پێیانوایە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدارتر دەبات و دەسەڵاتەکانی مالیکی بەهێزتر دەکات، بەڵام ئەو پەرلەمانتارە کوردە روونیکرەوە کە مالیکی لەلێدوانەکانی ئەم دواییەیدا باسی سیستمی مەرکەزی بەهێز و سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی نەکردوە و رایگەیاندوە کە هەموو لایەنەکان پێویستیان بەیەکتری هەیە، بەتایبەتیش زۆر پێویستی

**هەڵوەشاندنەوەی تەوافوق لەوڵاتێکی وەکو عێراقدا شکستێکی گەورەو شەڕی ناوخۆی گەورەتری لێدەکەوێتەوە، بۆیە بەلایەنی کەم لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا کارێکی تەواو مەترسیدارە**

بەپاڵپشتی کورد هەیە، چونکە ئەو راستیە دەزانێت کە لەوکاتانەی حکومەتی ناوەندی رووبەڕووی قەیرانی قوڵ دەبۆوە لەرووی سیاسی و ئەمنییەوە کورد دەبووە پارسەنگێك بۆ راستکردنەوەی ئەو حکومەتە. هەر بۆیە «ئەمجارەیان مالیکی لەخستنەڕووی کارنامەکەیدا نەرمییەکی بەرچاوی پێوە دیاربوو، چونکە نایەوێ لەو قۆناخەدا هیچ لایەنێك لەخۆی برەنجێنێت، بەتایبەتیش پێویستی بەپۆتانسیەڵی کوردی هەیە. جگە لەوەی کە لەنێو ماڵی شیعەشدا دوژمنەکانی زۆرن، بەتایبەتیش ئێستا لیستی ئیئتلافی نیشتمانی بۆتە دوژمنێکی سەرسەختی مالیکی و سوننەکانیش وەك پێویست لەگەڵیدا هاوکۆك نین، لەبەرئەمەش مالیکی پێویستی زۆری بەکورد هەیە، بەڵام پێویستە لایەنی کوردی تیژبین بێت و بەشێوەکی ژیرانە داخیلی نێو ئەو گەمە سیاسییە ببێت و هەتاکو بەڵێنی نووسراو لەمالیکی وەرنەگرێت، بەتایبەتی لەسەر ماددەی ١٤٠ و کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، چونکە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە بۆ هێزە سیاسییەکانی دیکەی عێراق شەڕی ململانێ بێت ئەوا بۆ کورد شەڕی چارەنووسە». هەروەها روونیکردەوە مالیکی ترسێکی زۆری هەیە لەوەی قەوارەکەی دەنگی پێویست بەدەستنەهێنێت، چونکە لەلایەك سعودیە و ئەردەن دژی هاوپەیمانێتییەکەی ئەون و لەئێستاوە گوشاریان دروستکردووە بۆ لاوازکردنی لیستەکەی، هەر ئەو گوشارانەش وایکرد شێخ ئەحمەد ئەبو ریشە سەرۆکی ئەنجومەنی سەحوەی ئەنبار بەشداری لەهاوپەیمانێتییەکەیدا نەکات. لەلایەکی دیکەوە، ئیئتیلافی نیشتمانی پێگەیەکی فراوانی هەیە، هەر بۆیە لەراگەیەنراوەکەیدا جەختی لەسەر چەسپاندنی دەستوور و پرەنسیبەکانی دیموکراسی کردەوە، لەدوای سەردانەکەشی بۆ هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد پێی ناوەتە قۆناخێکی باش، «لەبەرئەوە بەهەموو پێودانگێك مالیکی لەم قۆناخەدا پێویستی بەکورد هەیە، خۆیشی بەردەوام وا خۆی نیشاندەدات کە خواستی کورد و هەموو لایەنەکان لەبەرچاوەدەگرێت، لەبەرامبەر ئەوەشدا پێویستە بەهەموو پێودانگێك گرەوی ئەمجارەی کورد لەبەغدا جیاواز بێت».

نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی مایکڵ نایتس، لەوتارێکیدا لەرۆژنامەی دەیلی ستار (The Daily Star) پێیوایە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراق بەشیعە و سوننیە ناچارن خۆیان لەکورد نزیك بکەنەوە، چونکە لەپەرلەمانی نوێدا پێویستیان بەدەنگی کورد هەیە. هەروەك نووسیوێتی: «لەکاتی ئێستادا سیناریۆی گروپەکانی تر، ئەوانەی خۆیان لەکورد نزیکدەکەنەوە، ئەگەر زیاتری هەیە. لەوانەیە کورد زیاتر لە ٥٠ کورسی لەکۆی ٢٧٥ کورسی بەدەستبهێنێت، بەمەش پێدەچێت گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی پێکبهێنێت. ئەگەر یاسای هەڵبژاردن بەمشێوەیەی ئێستای لەپەرلەمان تێپەڕبێت، ئەوا ڕەنگە کورد کورسیەك لەو سێ ئەندامەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هاوشان لەگەڵ نوێنەرێکی عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە بەدەستبهێنێت، ئەمەش ڕێگە بۆ کورد خۆشدەکات بتوانێت ڤیتۆ دژی هەر یاسایەك بەکاربهێنێت یان ڕێگە لەتێپەڕبوونی بگرێت، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە پەرلەمان بتوانێت ئەو ئەرکە زەحمەتە بەکۆکردنەوەی دوو لەسەر سێی زۆرینە بەئەنجام بگەیەنێت».

ئەو نووسەرە ئەمریکییە پێیوایە ساڵی داهاتوو ساتێکی گرنگ و مەترسیدار دەبێت لەپەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستاندا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە گروپە عەرەبەکان پێویستیان بەهاوپەیمانێکی سیاسیی وەك کورد هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بنکەفراوان. لەبەرئەوە ڕەنگە هیوا و تروسکاییەك بۆ تەوافوقی نێوان کورد و عەرەب لەساڵی ٢٠١٠ هەبێت. هەروەك دەڵێت، کاتێك نوری مالیکی سەرۆك وەزیران لەمانگی تەمووزی ڕابردوو هاتە واشنتۆن، هەموو بەرپرسە ئەمریکیەکان ڕێنماییان کرد کە هەوڵە سیاسیەکانی چڕتر بکاتەوە بۆئەوەی لەگەڵ کوردەکان بگاتە ڕێککەوتنێك. کاتێکیش دەستەیەك لەسەرکردە سەربازیە باڵاکانی ئەمریکا لەهاوینی ڕابردوو سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، ئەوانیش ڕێنمایی سەرکردایەتیی کوردیان کرد بۆئەوەی هەنگاو بەرەو کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزیەکان هەڵبگرێت. ئەو دوو فشارە —گرنگیی سیاسیی کوردەکان لەعێراق و کاریگەریی ئەمریکا— وای لەمالیکی کرد بۆ یەکەمجار لە ٢ی مانگی ئابدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، لەوێش بەئاشکرا پیرۆزبایی لەسەرۆك مسعود بارزانی کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی وەك سەرۆکی هەرێم و وتارێکی سیمبولیشی لەشاری هەڵەبجە خوێندەوە.

## تەوافق و ئاشتبوونەوە لەپرۆسەی دیموکراسی لەقۆناخی ئینتقالیدا

لەزۆربەی ئەزموونە سیاسییەکانی دنیا، کاتێك کۆمەڵگاکان دوای ماوەیەك لەدیکتاتۆریەت و توندوتیژی خوێناوی دەیانەوێت بەرەو سیستەمێکی دیموکراسیی و ئاشتیخواز هەنگاوبنێن، ئەوا هێز و لایەنە دانوستانکەرەکان بەناچاری پەنا وەبەر تەوافق و سازشکردن دەبەن. هەرچەندە لەفەرهەنگی سیاسیدا تەوافق (Compromise) بەمانا نێگەتیڤیەکەی، بەواتای خۆبەدەستەوەدان و «دەستبەرداربوون» یان دوورکەوتنەوە لەئامانج و بیروباوەڕەکان دێت لەپرۆسەی سازش و گفتوگۆکردندا. بەڵام لەپەیوەندییە مرۆییەکاندا هەمیشە «تەوافق» بەمانای ڕێککەوتنێك دێت کە هیچ یەکێك لەلایەنەکان پێی دڵخۆش نییە. بۆیە باکگراوندی کولتووری و کاریگەری و ماناو تێگەیشتنی دەستەواژەی «تەوافق» جیاوازە: ئەو زاراوەیە «تەوافق» لەبەریتانیا و ئێرلەندا مانایەکی پۆزەتیڤی هەیە (وەك ڕێککەوتنێك کە هەردوو لایەن تێیدا شتێکیان دەستدەکەوێت)، بەڵام لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ماناگەلێکی نێگەتیڤی هەیە (وەك ئەوەی هەردوو لایەن شتێك دەدۆڕێنن).

## دیموکراسیەتی تەوافقی و هەوڵەکانی لەباربردنی «هەڵوەشاندنەوەی بنەمای تەوافوق سەرکێشییەکی مەترسیدارە»

دیموکراسییەتی تەوافوقی وەکو زاراوەو چەمکێکی سیاسی لەو چەند ساڵەی دواییدا بەشێوەیەکی بەربڵاو لەسەر ئاستی تیۆرییەوە گۆڕا بۆ سەر ئاستی پراکتیکی و لەئەزموونی چەند وڵاتێکدا پێڕەو کرا، ڕەنگە یەکێك لەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی سەیر ئەو چەمکەی بەسەردا پراکتیزەکرا لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە، عێراق بووبێت. عێراق بریتییە لەکۆمەڵێك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و تائیفی جیاواز، بۆیە باشترین شێواز بەبڕوای ئەمریکییەکان بۆ مانەوەی بەیەکپارچەیی و یەکگرتوویی، بریتی بوو لەوەی هەموو بەیەکەوە بەشداری لەداڕشتن و پیادەکردنی سیستمی سیاسی نوێی عێراقیدا بکەن. لەو ڕوانگەیەوە سیستمی دیموکراتییەتی تەوافوقی زامنی پاراستنی دەسکەوتی هەموو لایەنە جیاوازەکانی عێراقییە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بۆتە بەربەستێکی گەورەو ئاستەنگ لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسیدا کە هیچ کاتێك ناتوانێت بەئاسانی بڕیارەکانی خۆی جێبەجێبکات.

پەیوەست بەم مەسەلەیە، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل نووسەر و ڕەخنگری سیاسی وای دەبینێت، لەعێراقدا، جیاواز لەهەموو سیستمێکی تر، ئەو سیستمە زەرورەتێکە بەلایەنی کەم بۆ ماوەی چەند ساڵی داهاتوو تاوەکو لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەگەنە متمانە بەیەکتری و بڕوایان بەسیستمی سیاسی تازە پتەوتر دەبێت، «بۆیە کارێکی ئاسایی نییە ئەگەر

مالیکی داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنەما سیاسییە بکات و دەبێت بەگومانەوە تەماشای ئەو جۆرە بانگەشانە بکرێت، ئەگەرچی بۆ مەرامی ڕیکلامی هەڵبژاردنیش بێت، چونکە ئەقڵییەتی عەرەبی عێراقی هێشتا ناتوانێت تەواو هەزمی سیستمی دیموکراسی بکات و هێشتا جۆرێك لەسۆز و حنین بەدیدەکرێ بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ناوەندی بەهێز و توندو، تەنانەت سەرکوتکەریش. مەترسی ئەو جۆرە تێزانە لەوەدایە کە ڕێگرە لەبەردەم دروستبوونی متمانە لەنێوان لایەنە عێراقییەکاندا، چونکە بۆ نموونە لەوکاتەی مالیکی ئەو بۆچوونەی خۆی ڕاگەیاندووە، مەترسی و گومانێکی زۆر لەنێو شەقامی کوردیدا سەریهەڵداوە بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن لەباکگراوندی ئەو جۆرە تێزانە؟! ئایا هەڵوەشاندنەوەی تەوافوقی سیاسی لەبەرژەوەندی کێدایە؟ بێگومان لەئێستادا شیعەکان کۆنترۆڵی تەواوی دامودەزگای دەوڵەتی عێراقیانکردووە و دەیانەوێت لەڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ئەو جۆرە تەوافوقەوە خۆیان لەکۆت و پێوەندی سیاسی پەیوەست بەو تەوافوقە بدزنەوەو باڵادەستی خۆیان بەسەر دەوڵەتی عێراقیدا بسەپێنن. ڕاستە تەوافوقی سیاسی بەشێوەیەك لەشێوەکات تەواو دژی بنەمای دیموکراسییەو ناهێڵێت زۆرینەی پەرلەمانی بەتەواوی بەمافەکانی خۆی بگات، کە ئەو بنەمایەش فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی تیۆری دیموراسییە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیاری سیاسی بەچەندین فیلتەری جۆراوجۆردا بڕوات، ئەوەش کاریگەری دەسەڵاتی حکومەت بەسەر دامەزراوەکاندا لاواز دەکات و کۆمەڵێك کۆت و بەند دەخاتە دەستی سەرۆکوەزیران و ڕێگای پێنادات وەکو یەکەم بەرپرسی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کارەکانی خۆی بەتەواوی ڕاپەڕێنێت، هەروەها ڕۆتینی ئیداری زۆر دێنێتە پێشەوە لەمامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوەشاندنەوەی بنەمای تەوافوق سەرکێشییەکی مەترسیدارە، چونکە تائێستا ئەو ئەزموونەی لادان لەتەوافوق کە لەنەینەوا ڕوویداوە، نەوەکو هەر سەرکەوتوو نەبوو، بگرە بوتە هۆی نانەوەی کێشەو ئاژاوەی زۆریش، ڕەنگە مالیکی ویستبێتی لەمیانەی ئەزموونی لیستی حەدبا لەنەینەوا نموونەیەك پیشانبدات، هەوڵێك ببینێت بۆئەوەی بزانێت ئەو ئەزموونە چۆن دەبێت ئەگەر لەسەر ئاستی عێراقدا پراکتیك بکرێت، دیارە ئەزموونێکی شکستخواردووە، چونکە تەنانەت ئیدارەش ناتوانێت بەبێ هاوکاری هەموو لایەنەکان کارەکانی خۆی بەتەواوی جێبەجێبکات».

ڕێبین لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان ڕوونیکردەوە، ئەو جۆرە داوایانە ئەگەرچی لەڕووی بنەماکانی دیموکراسییەوە داوای ڕاست و ڕەوان و بەجێن، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە لەوڵاتێکی وەکو عێراقدا شکستێکی گەورەو شەڕی ناوخۆی گەورەتری لێدەکەوێتەوە، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی بنەمای تەوافوق بەلایەنی کەم لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا کارێکی تەواو مەترسیدارە، تا ئەوکاتەی وڵاتی عێراق دەگاتە لێواری ئارامی و ئاسایشی تەواو و متمانەی نێوان هێزە سیاسییەکان بەهێزتر دەبێت و هیچ نیازێك بەدی ناکرێت بۆ پەراوێزخستنی هیچ نەتەوەو تائیفەو لایەنێکی سیاسی.

## «تەوافقی سیاسی بۆ قۆناخی پۆست ئینتقالی کارێکی نەشیاوە»

دیموکراسیەتی تەوافقی جۆرێکە لەو دیموکراسیەتەی کە دەمێکە لەوڵاتان پێڕەو دەکرێت، وەنەبێت عێراق تاکە وڵات بێت کە وەك زەرورەتێکی قۆناخی ئینتقالی پەنای بۆ ئەو جۆرە دیموکراسیەتە بردبێت، کە دیموکراسیەتێکە تەواو ینزیکە لەسیستمی شورا لەحوکمڕانیکردندا، کە یەکێك لەلایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم جۆرە دیموکراسیەتە، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە نوێنەری تەواوی خەڵك پشکداری پێدەکرێ لەبەڕێوەبردندا، واتە تەنها پارتە جەماوەرییەکان بەتەنها حوکمڕانی ناکەن، هەموو خەڵکی هەستدەکەن نوێنەریان هەیە لەحکومەتدا.

لەمبارەیەوە پارێزەر مەریەم ئەلریس، پەرلەمانتار و ڕاوێژکاری پێشووی نوری مالیکی، بەپێچەوانەی لێدوانەکەی ڕێبین ڕەسوڵ زۆر دڵخۆش و گەشبین نییە بەمجۆرە دیموکراسیەتە و ڕایگەیاند: بەدرێژایی ئەو پێنج ساڵەی ڕابردوو کە لەعێراق سیاسەتی دیموکراسیەتی تەوافقی پەیڕەوکراوە، سیاسەتێکی پڕاوپڕ بووە لەهەڵە و ڕیایی، «چونکە دیموکراسیەت وەك سیستمێك بەهۆی ئەم سیاسەتە تەوافقییەوە لەمەغزا و مانای ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵکردووە، بۆیە دەبینین ئێستا پرۆسەی حوکمڕانیکردن لەعێراق شێوەی ئەو سوڵحە عەشائیرییەی وەرگرتووە، کە چەند سەرۆك خێڵێك لەپێناو کۆمەڵە ئامانجێك لەسەر مەبەست یان ئامانجێك ڕێکدەکەون. بێگومان ئەمەش زەنگێکی ترسناکە لەسەر تێکڕایی پرۆسەی سیاسی، گەمەکردنە بەهەست و مەشاعیری خەڵکی و ئیستحقاقی هەڵبژاردنەکان، بۆیە ڕێگەچارەی گونجاو وەلاوەنانی دیموکراسیەتی تەوافقیە و کارکردنە بەدیموکراسیەتی زۆرینە».

خانمی ئەلرەیس بەوە پاساو بۆ لێدوانەکەی مالیکی دەهێنێتەوە کاتێك داوای لابردنی سیستمی تەوافقی کرد، «ئەو سیستەمە «تەوافق» گەڕانەوە نییە بۆ حوکمی گەل و زۆرینەی دەنگەکان، وا دەکات بەپێی ڕێککەوتن و بۆندی سیاسی کۆمەڵە حزبێك لەنێو خۆیان ڕێکبکەون و لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان دەستاودەست بەدەسەڵات بکەن. لەوانەیە ئەو شێوە دیموکراسیەتە بۆ سەرەتای پرۆسەی دیموکراسی لەعێراق، واتە لەقۆناخێکی دایڕێکراو باش بووبێ. بەڵام بۆ قۆناخی پۆست ئینتقالی تەوافقی سیاسی کارێکی نەشیاوە، چونکە هۆکارێکە بۆ لێکترازانی گەلی عێراق و کۆسپ و تەگەرە دروستکردن لەبەردەم پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی بەرەوپێشبردنی بارودۆخی عێراق بەرەوڕەوەی دیموکراسیەتی تەوافقی شتێکی ئەستەمە، هەروەها ڕێگربووە لەبەردەم ئەدای حکومەت لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و لێپرسینەوە لەگەڵ گەندەڵکاران. بێگومان ئەم ڕەوشە نەك تەنها لەدەسەڵاتی ڕاپەڕاندندا بەدیدەکرێت بەڵکو شۆڕبۆتەوە بۆ نێو پەرلەمانی عێراق و کاریگەری هەبووە لەسەر زۆرێك لەدەرخستنی ئەو یاسایانەی کە زۆر لەمێژبوو دەبووایە بڕیاریان لەسەردرابووایە، هەروەها دەکرێ ئەم حاڵەتە پێچەوانە بکەینەوە، واتە هەندێجار بڕیاری وا دەرچووە کە گونجاو نەبووە بەڵام بەهۆی تەوافقی کوتلە سیاسییەکانی پەرلەمان بڕیارەکە بەڕێکراوە، ئەوەی جێگەی داخیشە ئەمڕۆ زۆرینەی پارتە سیاسییەکان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان پشتیوانی لەو جۆرە دیموکراسیەتە دەکەن».

پارێزەر مەریەم ئەلرەیس لەکۆتایی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان هێمای بۆ ئەوەکرد، کە ئەمجۆرە دیموکراسیەتە دزینی دەنگی خەڵك و خەساندنی دیموکراسیە، بازدانە بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن، گاڵتەکردنە بەهەست و نەستی پارتە براوەکان، هەروەها بەشێوەیەك لەشێوەکان جێبەجێکردنی سیستمی ویلایەتی فەقیهە لەحوکمڕانیدا. «لایەنێکی هەرە خراپی ئەو سیستمەش ئەوەیە کە دەنگ و دەستی حکومەت یەکگرتوو نابێت و ناتوانێ بڕیاری بەهێز لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە پێڕەو بکات. زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی هەر بەرپرسە و بەپێی بەرژەوەندی خۆی لێدوان بدات، کە زۆرجار لەگەڵ لێدوانەکانی سەرۆك وەزیران یەکانگیرنابێت. بەکورتی حکومەت لەو جۆرە سیستەمدا حکومەتێکی لاواز و بێدەسەڵاتە، چ لەئاستی ناوخۆیی یان لەسەر ئاستی سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا».